گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٤١

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤١ – سەرماوەز – دسامبر ٢٠٢٣




١٦ی سەرماوەز، ئەرک و ئاسۆی بزووتنەوەی خوێندکاری




بۆ کۆتایی هێنان بە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل، پێویستە خەبات درێژەی هەبێت




دەنگی ڕەسای دوو پەیام لەدژی تەوەحوشی دژەئینسانی بەرامبەر کۆچبەرانی ئەفغانستانی

## سەروتار

### توندوتیژی دژی ژنان، بەشێک لە پێکهاتەی نیزامی سەرمایەدارییە

توندوتیژی دژی ژنان بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ڕووبەنایی و کلتووریی کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری لە سەرانسەری جیهانە و سنوورەکانی نەتەوە، ڕەگەز و ئایینی تێپەڕاندووە. ئەم دیاردەیە لە کاتی قەیرانی سەرمایەداری و پەرەسەندنی بێکاری، هەژاری و شەڕ و ئاوارەیی و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ژنان دەکاتە یەکەمین قوربانیانی خۆی. هەر ئەندازە هەژاری و بێکاری زیاتر پەرە بستێنێ، بە هەمان ئەندازەش ژنانی کرێکار هەروەک توێژە هەژار و کەم داهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەرەوڕووی هەموو جۆرە بێبەشی و ستەم و توندوتیژییەک دەبنەوە. ژنان لە کۆمەڵگا ناپێشکەوتووەکاندا بە کەمترین ئیمکانات گەورە دەبن، لە خوێندن بێبەش دەبن، هەر لە منداڵییەوە بۆ کەمکردنەوەی فشارە ئابوورییەکانی خێزان هاوسەرگیرییان پێدەکرێت و لە دونیای منداڵی بێبەری دەکرێن. ئەم منداڵ هاوسەرانە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی و کەلامی و سەرکوت و ژێردەستەیی بەرەوڕوو دەبنەوە و یان لەلایەن نزیکترین پیاوانی بنەماڵەی خۆیانەوە لەژێرناوی دیفاع لە نامووس دەکوژرێن. لە سەردەمی گشتگیربوونی پەتای کۆرۆنادا ئەگەرچی پەرستارەکان بە قیمەتی گیانیان ئاگادارییان لە نەخۆشەکان دەکرد، بەڵام بەم حاڵەشەوە لە یەکەمین قوربانیانی شەپۆلەکانی دەرکردن لەلایەن دەوڵەت و شیرکەتەکانی سەرمایەدارییەوە بوون. لە ناوچەکان و ناوەندە قەیراناوییەکان، لە کاتی ئاوارەیی، لە تێکهەڵچوونی نیزامی و شەڕدا، کە لەم ڕۆژانەدا وەحشیانەترین نموونەی لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە لەئارادایە، ژنان نەتەنها بەشێکی بەرین لە کوژراوەکان پێکدەهێنن، بەڵکوو زیاتر لە هەمووانیش بەرەوڕوی فشاری دەروونی و ئەزیەت و ئازار دەبنەوە. ژنان نەتەنها لە حکوومەتەکانی سەرمایەداری مەزهەبی و دیکتاتۆریی وەک ئێران و ئەفغانستان و عەرەبستانی سعوودی قوربانییانی نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزین،

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی

# ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان

## نوامبری٢٠٢٢

٦٣ ساڵ بەسەر کوشتنی دڵتەزێنی خوشکەکانی میرابێل لە کۆماری دۆمینیکن بەدەستی خوێنڕێژانی ڕژیمی دیکتاتۆری "ڕافائێل تراخیلۆ"، حکوومەتێک کە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرا، تێدەپەڕێ. جەنایەتێک کە خەباتی لەپێناو نەمانی توندوتیژی بەرامبەر ژنانی لەئاستی جیهاندا بردە قۆناغێکی نوێوە. بەڵام ئێستاش ژنان بەردەوام لە یەکەمین قوربانیانی توندوتیژی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووریدا. ڕۆژانە ملیۆنها ژن لە گۆشە و کەناری جیهان لە کارگەکانی بەهرەکەشی و لە مەزراکاندا بەبێ سەرەتاییترین ماف بەتوندی دەچەوسێنەوە. لە سەنعەتی کۆیلەتی جنسی، لە ماڵەکانیاندا، سووئیستفادەیان لێدەکرێ و سووکایەتییان پێدەکرێ. وە یان وەک کاڵا هەڵسووکەوتیان

لەگەڵ دەکرێت و بەرەورووی کڕین و فرۆشتن دەبنەوە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان یەک لەسەر سێی ژنان و کچانی جیهان لە ماوەی ژیانیاندا لەهەڵ توندوتیژی فیزیکی و یان جەستەیی بەرەورو دەبن . نیوەی ئەو ژنانەی لە گۆشە و کەناری جیهاندا کوژراون لەلایەن شەریکی ژیانیان یان لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەی خۆیانەوە کوژراون. زیاتر لە حەوسەد ملیۆن ژن و کچ بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیریان کردووە و زیاتر لە دووسەد ملیۆن ژن و منداڵ، خەتەنە دەکرێن. لەم بوارەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کارنامەیەکی بەکجار دژەئینسانی تۆمار کردووە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی "کۆڕبەندی ئابووری جیهانی" سەبارەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزی لەئاستی جیهان، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خوارترین پلەی بەرابەریی جنسیەتی پێدراوە. لە نێوان ١٤٦ وڵاتدا ئێران لە پلەی ١٤٣ و ئەفغانستان لە پلەی ١٤٦دایە.

لە کۆمەڵگای ئێران کە تێیدا دین و یاسای شەرعی ئیسلام لەگەڵ دەسەڵاتی سەرمایەداری تێکهەڵکێشراون و ژنان لە ڕووی یاساوە ڕەگەزی دووهەم بەحیساب دێن، توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئاستێکی مەترسیداری بەخۆی گرتووە.

بەڵکوو لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش لەژێر فشاری ڕەوتە ڕاستڕەوەکاندا، دەستکەوتی سەد ساڵەیان بۆ نموونە مافی لەباربردنی منداڵیان لێ دەستێندرێتەوە و ڕۆڵی ژنان وەک ژنی ناوماڵ بەرجەستە دەکەنەوە و لەم ڕاستایەدا پێوەرە ئایینییەکان دووبارە تەبلیغ و زیندوو دەکەنەوە.

ئەگەرچی دەوڵەتانی سەرمایەداری تەبلیغی ئەوە دەکەن کە پێگەی ژنان باشتر و بەهێزتر بووە. بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی ئەوان دانانی ژنانی زیاترە لە پۆستی بەڕێوەبەریی کۆمپانیاکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان. ڕاپۆرتە ئامارییەکان باس لە پەرەسەندنی توندوتیژی و ستەم و چەوساندنەوەی ژنان هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی هەژاری و ئاوارەیی لەئاستی جیهاندا دەکەن. بەپێی ئاماری خودی ڕێکخراوی



نەتەوە یەکگرتووەکان، لە جیهاندا لە هەر سێ ژن، یەک ژن لە توندوتیژی بەدەست هاوژینەکەی ڕەنج دەبات. بەر لە گشتگیربوونی قەیرانی کۆرۆنا، ٢٤٣ ملیۆن ژن و کچ قوربانی توندوتیژیی سێکسی و جەستەیی بوون بەڵام دوای قۆناغی کۆرۆنا ئەم ژمارەیە بۆ ٧٣٧ ملیۆن بەرز بووەتەوە. لە ساڵی٢٠٢٠دا لە هەر ١٠ قوربانی قاچاغی مرۆڤ لە جیهان، شەش کەسیان ژنان و کچان بوون و ٩١ لەسەدی قوربانیانی چەوساندنەوەی سێکسی ژنان بوون. لە ئاستی جیهاندا هەموو ڕۆژێ تەقریبەن ١٣٧ ژن لەلایەن بنەماڵەی خۆیانەوە دەکوژرێن. ٣٨ لەسەدی قەتڵی ژنان لەلایەن هاوژینەکیانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم ئامارانە ئەگەرچی دڵتەزێنن بەڵام هەموو ڕاستییەکان باس ناکەن و تەنیا گۆشەیەک لە بەرینایی توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئاشکرا دەکەن. بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا جیهان کە شەڕ، نائارامی، قەیرانی ئابووری و ژینگەیی و هەژاری و نابەرابەری و ئاوارەیی بەردەوام لەئارادایە، ئاماری توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەتایبەت لە توێژە فەقیر و کەمداهاتەکانی کۆمەڵگادا زیاتر پەرەدەستێنێت.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەرمایە، لە پەنا هەژاری و بێکاری و بێبەشی بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ئەم ڕژیمە زیاتر لە چل ساڵە کە بەشێوەی سیستماتیک و بەپێی یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و دژی ژن، و بە سیاسەتی هەڵاواردن و سەرکوت هەموو جۆرە توندوتیژی و ستەمێکی بەرامبەر ژنان ئەنجام داوە و خۆی سەرچاوەی توندوتیژی و ئەزیەت و ئازاری ژنانە. کۆماری


ئیسلامی بە داسەپاندنی یاسا و سیاسەتی کۆنەپەرستانە و دژی ژن، بە تەبلیغ و پەرەپێدانی بیر و باوەڕی پرتووکاوی مەزهەبی و دژەئینسانی، هاوکات لەگەڵ داسەپاندنی هەژاری و بێکاری و هەمووجۆرە مەحرووميەتێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری، زەمینەی بۆ زۆرێک لە کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بۆ نموونە بێبەریبوونی کچان لە چوون بۆ مەدرەسە و بازاڕی کار، بەشوودانی کچانی کەم تەمەن و قەتڵی ناموسی فەراهەم کردووە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەهۆی پێکهاتەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و بەهۆی ئەوەیکە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی کردووەتە یاسا، هۆکاری سەرەکی زۆرێک لە قەتڵە ناموسییەکانە کە نموونەی دڵتەزێنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانە لەئاستی کۆمەڵگادا. ئەم پێکهاتە و سیاسەت و پەروەردە و شوێنە ناسالمانەی کە لەلایەن ئەم نیزامەوە فەراهەم کراوە لەسەر فکر و ڕەفتاری تاکەکان کاریگەریی داناوە و ئەم کارەساتانەی لێدەکەوێتەوە.

ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش وەک نیوەی چینی کرێکار، لە قوربانیانی سەرەکی توندوتیژی جنسی، قەیران، شەڕ، ئاوارەیی و باقی کێشە و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانن. پێویستە لە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بەم دیاردانە کە ڕەگ و ڕیشەیان نیزامی چەوسێنەری سەرمایەدارییە، دەورونەخشی سەرەکی و چالاکیان بێت. لەم ڕۆژانەدا لەئاستی جیهان ژنان لە بزووتنەوەی جەماوەری دژبە جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن. ژنان هەروەها لە هیدایەتکردنی نارەزایەتییەکانی کرێکاران کە لەلایەن ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئورووپا و ئەمریکا و شوێنەکانی تری جیهان بەدژی بێمافی کرێکاران و بەدژی دەوڵەتانی بورژوا بەڕێوە دەچێت نەخشێکی بەرجەستەیان هەیە. لە ئێران ژنان کە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری سەرەکی هەموو بەدبەختی و بێبەشی و بێمافییەکانی خۆیان دەزانن بە ڕۆڵی پێشەنگی خۆیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، یاسا و سیاسەتە دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامیان لێبڕاوانە بردە ژێر پرسیارەوە. ژنان لە جەریانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیەدا دروشمی ستراتێژیک و سەرکوتکەرانەی ڕژیمی ئیسلامی "یان ڕووسەری یان تووسەری"یان بە دروشمە ڕەسا و بەهێزەکانی "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری" و "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" وڵام دایەوە. ژنانی تێکۆشەر بە بوێرییەکی بێوێنەوە بە کردەوەی سەمبولیکی وەک فڕێدانی ڕووسەری لەسەر شەقامەکان و سووتاندیان و بە سەما و ڕێپێوان بەدەوری ئاگر جوانترین دیمەنەکانیان دژبە ئاپارتایدی ڕەگەزی خولقاند و پایەکانی حکوومەتی ئیسلامیان تێکشکاند. ئەم ڕاستی و ئەزموونانە دەریدەخەن کە بزووتنەوەی ژنان بۆ ڕزگاری لە توندوتیژی و هۆکارەکانی، ڕێگایەکی بێجگەلە خەباتی کارا و ڕێکخراو بە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەدژی سەرمایەداری نییە.

❊❊❊

حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە ڕاگەیاندنی ڕەگەزی دووهەم بوونی ژنان نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کردووەتە یاسا. لەڕاستیدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە فەرمی و لەڕووی یاساوە دژی ژنە. ئەم ڕژیمە بە بەکارهێنانی دینی ئیسلام وەک ئامرازی ئایدیۆلۆژی و بە یارمەتی کلتووری دواکەوتووانەی پیاوسالاری وەک یەکێک لە پایەکانی دسەڵاتەکەی، هەڵاواردن و نابەرابەریی ڕەگەزی و توندوتیژی بەرامبەر ژنانی کردووەتە یاسا و بەڕێوەی دەبات. بەپێی یاسای مەدەنی حکوومەتی



ئیسلامی ژنان بەشێکن لە دارایی و مڵکی پیاوان. لە پەیوەندی ژن و شوودا، پیاو سەرۆکی موتڵەقی بنەماڵەیە. لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا مافی سەرەتایی ژنان لەوانە مافی جیابوونەوە، مافی سەرپەرستی منداڵ، مافی میرات، مافی سەفەرکردن، مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگ، مافی هەڵبژاردنی بواری خوێندن و هیتر پێشێل دەکرێت. ژنان مافی هەڵسووکەوتی ئازادانەیان لەگەڵ پیاوان نییە. ڕژیم بە پێدانی مافی چەندهاوسەری بە پیاوان و بە پەرەپێدانی سیغە، ڕواڵەتێکی یاسایی بە لەشفرۆشی و کڕین و فرۆشتنی ژن وەک کاڵا داوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت لە دامەزراوە پەروەردەییەکانیشدا بووەتە بنەمایەکی نەگۆڕ. داسەپاندنی ئەم بێمافی و توندوتیژیانە، دیمەنێکی ئاشکرایە لە جەهەنەمێک کە دەسەڵاتی سەرمایە و دین لە ئێراندا پێکیهێناوە.

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا پێشوازی لە ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەکەین کە زیاتر لە یەک ساڵ بەسەر ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران کە بەناوی ڕەمزی ژینا و بەدروشمی سەرەکی ژن، ژیان، ئازادییەوە دەستیپێکرد، تێدەپەڕێ. ژنان لە جەرەیانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیەدا دروشمی ستراتێژیک و سەرکوتگەرانەی ڕژیمی ئیسلامی "یان ڕووسەری یان تووسەری"یان بە دروشمە ڕەسا و بەهێزەکانی "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری" و "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" وڵام دایەوە. ژنانی تێکۆشەر بە بوێرییەکی بێوێنەوە بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک فڕێدانی ڕووسەری لەسەر شەقامەکان و سووتاندیان و بە سەما و ڕێپێوان بەدەوری ئاگر جوانترین دیمەنەکانیان دژبە ئاپارتایدی ڕەگەزی خوڵقاند و پایەکانی حکوومەتی ئیسلامییان تێکشکاند. ئەم بزووتنەوەیە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پایەگای ئیسلامی سیاسی بە یاسای سەختی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بزووتنەوەی ڕزگاری ژنی لە ئەفغانستان و سەرانسەری ناوچەکە بردە قۆناغێکی تازەوە و بوو بە مۆدێلێک بۆ ڕزگاری ژنان لەم ناوچەیە. لە گەرمەی ئەم ئاخێزەدا مەراسمی ئاگرتێبەردان و هەڵسووڕاندنی ڕووسەرییەکان، کردەوەی نمادین و خۆڕاگری تاکەکەسی کچان بەرامبەر هێزە ئەمنییەکان بە مشتی گرێدراوەوە، سروودی ڕەزمی و ئیعتڕازی، ڕێژەی سەمبۆلیکی ژنان بەبێ ڕووسەری، هەڵپەڕکێ بەدەوری ئاگر، عەمامەپەڕانی و هیتر، بەشێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم ئاخێزە شکۆدارە بوون کە ژنان بە گیانفیدایی خوڵقاندیان. ژنان بە خەبات و بە داهێنانی خۆیان خامنەیی و باقی سەرانی ڕژیم و هێزە سەرکوتگەرەکانیان زەبوون و ئاڵۆز و سەرلێشێواو کرد.

بەڵام ڕۆڵی پێشەنگی ژنان لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو. ژنانی ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووەتە مەیدانی موقاومەت و خەبات لەدژی ڕەنج و ئازاری سەرچاوەگرتوو لە دەسەڵاتی سەرمایەداریی ئێران کە ئیسلامی سیاسی و یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و کلتووری پرتووکاوی پیاوسالاری بەشێکە لەم پێکهاتەیە. ژنانی ئێران هیچکات قوربانییانی خامۆشی ڕژیمی ئاپارتایدی جنسیەتی نەبوون. ژنان بە بەشداریی بەرچاویان لە ئاخێزی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە، بە پشتوانیکردن لە هاوسەرەکانیان لە قامەتی کرێکارانی مانگرتوو، بە خۆڕاگری و بوێرییان لە پشت میلەکانی زیندان، بە پێشکەشکردنی وتاری ٨ی مارس لەناو گەمارۆی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد، بە ڕاپەڕین دژبە قەتڵی নামووسی لە خەیابانەکانی مەریوان، بە فڕێدانی حیجاب لەسەر سەکۆکانی خیابانی ئینقلاب، بە نارەزایەتی لەئاست هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زانکۆکان، بە حزووری بەرچاویان لە ڕیزی خەباتی مامۆستایان و خانەنشینان و بزووتنەوەی دیفاع لە ژینگە، بە بەشداری لە ڕیزی سینەماکاران و هونەرمەندان بەدژی هەڵاواردن و توندوتیژی ڕەگەزی، بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پیاوسالاری لە چوارچێوەی بنەماڵە، بە گیانفیدایی لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بەرامبەر کۆرۆنا، بە بەشداری بەرینیان لە هەموو ئەم بوارانەدا نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەسەڵاتی سەرمایەداریی ئیسلامییان بردووەتە ژێر پرسیارەوە. ژنان تەنانەت لەسەر گڵکۆی کچ و کوڕ و هاوسەریان ئەژنۆی غەمیان لەباوەش نەگرت، بەڵکوو سەربەرزانە و بەدەنگی بەرز ڕایانگەیاند کە تۆوی ئازادییان چاندووە.

لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لەگەڵ ژنانی بوێر و سەربەرز، لەگەڵ ئەم خەباتکارانەی ڕێگای ئازادی و هەڵوەشاندنەوەی نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزی پەیمان تازە دەکەینەوە، کە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان لەئاستی جیهان هاودەنگ بین و بە هەوڵ و چالاکی هەرچی بەرینتر لەپێناو هێنانە مەیدانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش ڕۆژی ٥٢ی نوامبر بکەینە ڕۆژی خەبات بەرامبەربە حکوومەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی و بیکەینە ڕۆژی خەبات بەرامبەربە نیزامی پیاوسالاری سەرمایەداری.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٢

٢١ی نوامبری٢٠٢٣

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار (١٤٠٢)


لە بارودۆخێکدا لە ڕۆژی خوێندکار نزیک دەبینەوە کە زیاتر لە یەک ساڵ لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا تێپەڕیوە. بزووتنەوەیەک کە پایەکانی حکوومەتی ئیسلامی



سەرمایەدارانی لەرزاند و سەرەڕای دامرکانی نارەزایەتییەکانی شەقام ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە وشیاری و زهنیەتی جەماوەردا پێکهێنا. ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێک دەستکەوتی بوو و سەرەڕای پەرەسەندنی سەرکوت ئێستاش بەشێوەی جۆراوجۆر هەروا درێژەی هەیە. ئەم ئاخێزە لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بوو بە بزوێنەرێک بۆ خەباتی ئابووری و سیاسی چینی کرێکار و مەیلی دەروونی کرێکارانی بۆ خەبات بەهێزتر کرد. بەردەوامبوون و پەرەسەندنی بزووتنەوەی داخوازیی کرێکاران و خانەنشینان، خۆڕاگری بوێرانەی ژنان و موقاومەتی بزووتنەوەی خوێندکاران بەرامبەر بە سەرکوت، بەشێک لەم ئاڵوگۆڕانەیە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە وەک ماری بریندار لەخۆی دەهاڵا لە ڕووی داماوییەوە هەوڵی دا کۆمەڵگا بۆ قۆناغی بەر لە ٢٥ خەرمانانی ١٤٠١بگەڕێنێتەوە. بەڵام شەپۆلی یەک لە دوای یەکی ئێعدامەکان و ڕەشبگیریی چالاکانی بزووتنەوە

کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، هێرشی بەرنامە بۆ دارێژراو و بەرین لە دژی ژنان بۆ داسەپاندنی حیجابی ئیسلامی و هێرش بۆسەر بزووتنەوەی خوێندکاری بە ئامانجی ترساندنی کۆمەڵگا و زەوتکردنی دەستکەوتەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە نەتەنها کۆمەڵگای چاوترسێن نەکرد، بەڵکوو بە خرۆشی خەبات وڵامی وەرگرتەوە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو لە حاڵێکدا کە کوردستانی شۆڕشگێڕ گوڕوتینی نارەزایەتی و خەبات دژبە قەتڵی دەوڵەتی ژینا دایگرتبوو، لەئاستێکی کەم وێنەدا هاتە مەیدان و بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ئێمە هەموومان مەهساین" زانکۆیان کردە مەیدانی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لەدژی گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئەم بزووتنەوەیە لەم قۆناغەشدا یەکێک لە ناوەندە پڕجۆشەکانی موقاومەت بەرامبەر بە هێرشی بەرنامەڕێژیکراوی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر زانکۆکان بووە. بانگکردن، دەستبەسەرکردن و دەرکردن و پەروەندەسازی بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی تێکۆشەر، ناردنی ئاخوند و بەسیج و ڕەوزەخوێن بۆ زانکۆ، تەهاجومی زیاتری هێزە بەکرێگیراوەکانی حەراسەت بۆسەر خوێدکارانی بێ حیجاب نەتەنها بزووتنەوەی خوێندکاری چاوترسێن نەکردووە بەڵکوو زانکۆی کردووتە یەکێک لە قەڵاکانی بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا.

بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە ڕادیکاڵە لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا پێشینەی مێژوویی هەیە. لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی٥٧ و لە کێشمەکێشی نێوان شۆڕش و دژەشۆڕشدا، خوێندکاران زانکۆیان کرد بە گۆڕەپانی خەبات بەرامبەر بە دژەشۆڕشی ئیسلامی. کاتێک دژەشۆڕشی ئیسلامی لەڕێگەی "ئینقلابی فەرهەنگی" و کوشتارەوە سەنگەری موقاومەتی زانکۆیان گرتەوە، ئەمجارەیان خوێندکارانی خەباتکار لەژێر پێستی زەبروزەنگی پۆلیسیدا خۆیان بۆ نەبەردەکانی داهاتوو ئامادە کرد. لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ەوە کە هاودەستی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لەگەڵ سپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری لە هێرشیان بۆ سەر خوێندکاران، بوو بە بەستێنی دابڕانی بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و سازمانی تەحکیمی وەحدەت، بەشی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاری بەخێرایی داخوازیی سیاسی و ڕادیکاڵی کردە سەرلەوحەی خەباتی خۆی. لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا هاوکات لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری ژمارەیەکی بەرین لە خوێندکارانی چەپی ڕادیکاڵ چالاکییەکانی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان چڕکردەوە. بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران تەنانەت دوای سەرکوتی ئاراستەی چەپ و سۆسیالیستی لە ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتا، هیچکات تەسلیمی خسووسی سازی و کاڵایی کردنی پەروەردە، ئەمنیەتی کردنی فەزای زانکۆکان، تەسلیمی هەڵاواردنی ڕەگەزی و سیاسەتی ئیسلامی کردنی زانکۆکان نەبوو. خوێندکارانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست لە ئاخێزی سەرتاسەری بەفرانباری ٩٦یشدا چالاکانە بەشدارییان کرد و دروشمی "ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواوبوو ماجەرا"یان بردە ناو بزووتنەوەی سیاسی جەماوەرەوە. ئەوەش بەمانای تێپەڕین لەو بۆچوون و گوفتمان و ڕێگاچارانە بوو کە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لەبەردەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە بزووتنەوەی خوێندکارییان دانابوو. خوێندکارانی شۆڕشگێڕ لە خەزەڵوەری ٩٨دا، لەو حەوت ڕۆژەی کە ئاخێزی جەماوەر هەموو ئێرانی هەژاند، شان بە شانی بێبەشکراوانی شار هاتنە مەیدان، لەگەڵ ئەوان خوێنیان ڕژایە سەر سەنگفەڕشی شەقامەکان و لەگەڵ ئەوان خرانە بەندیخانە. بەڵام سەرکوتی دڕندانە و خوێناویش نەیتوانی چاوترسێنیان بکات. خامنەیی جەلاد لە پێنجەمین ڕۆژی ئاخێزی سەرانسەریی خەزەڵوەری ٩٨ دژبە بێبەشان و هەژارانی شار کە نە سەنگەریان بوو و نە چەک، ڕایگەیاند: "با دۆست و دوژمن ئەوە بزانێ کە ئێمە لە بواری نیزامی و سیاسی و ئەمنیەتییەوە پاشەکشەمان بە دوژمن کرد". بەڵام خوێندکاران لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزدا بە دەنگێکی ڕەساوە وڵامیان بەم هەڵیت و پڵیتانەی خامنەیی داوە و ڕایانگەیاند کە لە خوێنی گیانبەختکردووانی مانگی خەزەڵوەر خۆش نابن و ڕێگایان درێژە دەدەن. بەمجۆرە خوێندکاران نیشانیان دا لە




نەبەردی هەژاران و بێبەشان دژبە خوێنڕێژانی سەرمایە، لە شەڕی نێوان هەژاری و سەروەت، لە شەڕی نێوان دیکتاتۆری و ئازادی، لە شەڕی نێوان هەڵاواردنی جنسیەتی و ڕزگاری ژن، لە کام بەرەدا ڕاوەستاون. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری هاوکات لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاری لە حەوت تەپە، فولادی ئەهواز و ناوەندەکانی نەوت و پێترۆشیمی بە بەرپاکردنی ئاکسیۆنی نارەزایەتی لەسەر ستراتێژی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بێبەشانی کۆمەڵگە تەئکیدی کردووە. دروشمەکانی وەک "ڕۆڵەی کرێکارانین، هەردەم پشتیوانیانین"، "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی"، خوێندکار، کرێکار، مامۆستا، یەکگرتن، یەکگرتن"، خوێندکار وشیارە هاوڕێی کرێکارە" بەڕوونی هەڵوێستی چینایەتی وسۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لەم قۆناغەدا نیشان دەدات.

لە هەلومەرجی ئێستادا، بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە ستوونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە، پێویستە داخوازیی گەڵاکراوی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بە پەیگیرترین و ڕادیکاڵترین شێوە نوێنەرایەتی بکات و پشتیوانی لێ بکات. بەشی چەپ و ڕادیکاڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەرامبەر لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکان کە دەیانهەوێ ئەم بزووتنەوەیە بەلاڕێدا بەرن، تەنیا بە هێنانەگۆڕی ئەم داخوازییە دیموکراتیکانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانێ ئەم ئەرکە بەسەرەنجام بگەیەنێ و لەگەڵ بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی قووڵتر بەرقەرار بکات.

بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی پێکهاتەیەک کە هەیەتی بەشێوەی سرووشتی توانای ئەوەی هەیە کە ببێتە هۆی یەکگرتوویی بەهێزی بزووتنەوەی قوتابیان و بزووتنەوەی نارەزایەتی لاوان دژبە گوشاری بێسنووری ئابووری، دژبە بێ مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، دژبە بەربەستی کلتووری و سیاسی. واتە ئەوانەی وا شەقامیان کردووتە گۆڕەپانی نارەزایەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئیسلامی. لەم ڕاستایەدا پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ کە ڕێکخەر و ڕێبەری نارەزایەتییەکانن لە گەڕەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران، پەیوەندی چالاکیان هەبێت. پێکهێنانی ئەم پەیوەندییە زیندووانە، لە پێداویستییەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و لە پێداویستییەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامییە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی ئاماژەیان پێدرا بە بێ تەحەزوبی کۆمۆنیستی وەک ناوەندی پەیوەندیدان و هەماهەنگ کردنی هەموو بوارەکانی چالاکی ئەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیە، کارێکی یەکجار دژوارە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەپێناو پێشخستنی ئەم ئامانج و هەڵوێستانە لە بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا، کۆمۆنیستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بانگەشەی پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی خۆی دەکات.

پیرۆز بێت١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار

پیرۆز بێت یادی گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی خوێندکاری

بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کاریگەری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

سەرماوەزی ١٤٠٢

دێسامبری ٢٠٢٣

***

# بۆ کۆتایی هێنان بە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل، پێویستە خەبات درێژەی هەبێت

چوار ڕۆژ ئاگربەست کە ئێوارەی هەینی سێی مانگی سەرماوەز بە نێوبژیی دەوڵەتانی ئەمریکا، میسر و قەتەر و بە ڕەزایەتی دەوڵەتی ئیسرائیل و حەماس دەستیپێکرد، پشوویەکی کورتە کە لە چل و نۆهەمین ڕۆژی ئەم شەڕە خوێناوییەدا بە خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە دراوە. دەرفەتێک بۆ چوونی کاروانەکانی فریاگوزاری بۆ کەرتی غەززە و گواستنەوەی نەخۆش و بریندار لەو نەخۆشخانانەی کە بوونەتە وێرانە. هاوکات فورسەتێکە بۆ ئازادیی ژمارەیەک لە خەڵکی ئیسرائیل کە لەلایەن حەماسەوە بەدیل گیراون و ژمارەیەک لە زیندانیانی فەلەستینی کە ساڵەهایە بە تاوانی خەبات دژی ئاپارتایدی ڕەگەزی و داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل لە زیندانەکانی ئیسرائیلدا ڕاگیراون. بۆ هەموو ئەوانەی وا تەنها وێنە دەستچنکراوەکانی بۆمبارانی خەڵکی غەززەیان دەبینی و بۆ هەموو ئەوانەی وا میدیاکای زلهێزەکانی ڕۆژئاوا شەو و ڕۆژ هەواڵی موهەندسی کراویان دەخستنە ئیختیارەوە، ئەم ئاگربەستە چوار ڕۆژەیە لانیکەم دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کورت وێنەکانی ئەم تەوەحوشە بێسنوورە لەبەر دیدەیان لابەرێت. لە ساتەکانی بەر لە دەستپێکی ئاگربەستەکەدا، ئەرتەشی ئیسرائیل لە گرتە ڤیدیۆیەکدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆشداری بە دانیشتووانی غەززە دا کە شەڕ کۆتایی نەهاتووە. بۆ ئەوەیکە لەناو ئاوارەکاندا تەوەهومی گەڕانەوە بۆ باکووری غەززە شکڵ نەگرێت ڕایگەیاند: „باکووری کەرتی غەززە ناوچەیەکی مەترسیداری جەنگییە و بەخاتری ئەمنیەتی ئێوە حەرەکەت بەرەو باکوور قەدەغەیە“.

بێگومان هەموو ئەوانەی مێژووی ئەم تراژێدیا خوێناوییەیان لەبەرچاوە کە هەموو جارێ ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر وڵاتی فەلەستین و ژمارەیەکی زیاتری لێ ئاوارە کردوون. هەموو ئەوانەی وا چارەنووسی خوێناویی ئەم نەتەوەیەی لەماوەی سەدەی ڕابردوو و بەربەریەتێک کە لەژێرناوی ”بەرگری لە مافی مەوجوودیەتی ئیسرائیل“ مروور دەکەنەوە. ئەم حەقیقەتە بەڕوونی دەبینن کە مرۆڤایەتی لە کۆتاییهێنان بەم تراژێدیایەدا چەندە بێتوانا بووە. ئێستا ئیتر بۆ هەموو ئەوانەی کە هیچ بەرژەوەندێکیان لەم شەڕە ماڵوێرانکەرەدا نییە، دەبێ ئاشکرا بووبێت کە نە دەوڵەتی داگیرکەر و هاوپەیمانانی و نە ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی لە نەوعی حەماس و پشتیوانە خوێنڕێژ و کۆنەپەرستەکانی لەوانە خامنەیی و ئەردۆغان نە دەتوانن و نە دەیانهەوێ ئەم شەڕە مێژووییە کۆتایی بێت. دەوڵەتی ئیسرائیل وەک قەڵا و پایەگای ستراتێژیکی ئەمریکا و دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکانی دیکەی ئورووپا لە ناوچەکە، گرینگی لەوە زیاترە کە لە پشتیوانیی بێ شەرت و مەرج لەم جەنایاتە واز بێنن. بەتایبەت بۆ ئیمپریالیسمی ئەمریکا دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل بە ئەرتەشێکی پەڕچەک و بەهێزەوە، ئامرازێکی کاریگەرە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە. هەربۆیە پشتیوانی بێ شەرت و مەرجی دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیا، ئاڵمان و فەڕانسە و ئیتالیا و ... لە دەوڵەتی داگیرکەر لەژێرناوی ”مافی بەرگری لە خۆ“ پێویستە لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێ. دەوڵەتی ئیسرائیل ساڵەهایە بە ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکی فەلەستین و داگیرکردنی وڵاتەکەیان پەیماننامە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان پێشێل دەکات. هەربۆیە پێویستە ڕاشکاوانە بوترێ کە ئەوانەی وا بەبیانووی هێرشی جەنایەتکارانەی حەماس بەتەواو مانا پشتی ئیسرائیل دەگرن و چاویان بەسەر جەنایەت




و کوشتاری خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە و لێواری ڕۆژئاوا بەستووە، لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل کەمتر جەنایەتکار نین.

بۆ دەوڵەتانی کۆنەپەرست و ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی وەک حەماس درێژەی ئەم تراژێدیایە بەستێنێکی گونجاوە کە تەغزییە لێدەکەن. دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەماوەی سەد و پێنج ساڵی ڕابردوودا لە کارتی فەلەستین بۆ موعامەلاتی قیزەونی خۆیان لەگەڵ ئیمپریالیستەکان و بەدژی جەماوەری خەڵک لەپێناو سیاسەتە دژەئینسانییەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە. کەوابوو نابێ ڕێگە بدرێت کە داکۆکیکارانی درۆینەی خەڵکی فەلەستین بەناوی ڕزگاریی ئەم خەڵکە سات و سەودا بکەن. نابێ حەماس بە نوێنەری خەڵکی فەلەستین بناسرێت. بە هەمان ئەندازەش گرینگە کە مانۆرەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی نێئۆعوسمانی تورکییەش لەقاو بدرێت. پێویستە بە کاری وشیاریدەرانە بسەلمێندرێ کە چارەنووسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەیەکەوە گرێ دراوە. هەر شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانە لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستێنێکە بۆ وەڕێکەوتنی شەپۆلەکانی شۆڕش لە وڵاتانی دیکە. و هەر هێرشێکی هێزە ئیمپریالیستەکان یان بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەوتە ئیسلامییەکان بەستێنی پاشەکشەپێکردن بە شەپۆلی شۆڕش لەم ناوچەیە پێکدەهێتنێت. لەڕاستیدا سیاسەتی حەماس نەتەنها وڵامێک بە داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل نییە، بەڵکوو سیاسەتی کۆنەپەرستانە و پەرەپێدان بە توندوتیژی و دژەیەهوودی زەربە لە ئیعتباری بزووتنەوەی فەلەستین دەدات و خۆراکی تەبلیغاتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕەوتە دەستی ڕاستەکان لە ئیسرائیل دابین دەکات. بەر لە هەمووان، ئاراستە چەپ و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان هاوکات لەگەڵ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و داگیرکەرانەی دەوڵەتی ئیسرائیل، پێویستە سرووشتی کۆنەپەرستانەی سیاسەتەکانی حەماس بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە.

هەر ئەم ئاگربەستە چوار ڕۆژەیە و گۆڕینەوەی دیلەکان و بەندکراوان دەستکەوتی ناپایەداری بەرەی مەزنی ناڕەزایەتیی جەماوەری لە سەرانسەری جیهانە کە لە دەستپێکی بۆمبارانەکانەوە بۆ ئاگربەستی دایم و دژبە جەنایاتی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری ئیسرائیل و بۆ پشتیوانی لە ئازادیی خەڵکی فەلەستین کەوتە ڕێ. ئەم حەرەکەتە جیهانییە هاوسەنگی هێزی بەقازانجی بەرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین گۆڕیوە و پێویستە درێژەی بێت.

خەڵکی مافخوازی فەلەستین کە خاوەنی پێشینەی زیاتر لە حەفتا ساڵ خەبات دژی جینوساید و داگیرکاریی حکوومەتی ئیسرائیلن، بۆ کۆتایی هێنان بەم ژیانە کارەساتبارەیان بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ هێزە پێشڕەوەکان و خەڵکی ئازادیخواز لە ئیسرائیل و سەرانسەری ناوچەکە و جیهان دژی ڕژیمی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و دژی ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی وەک حەماس و جەهادی ئیسلامی پێویستە بێنە مەیدان. یەکگرتن و پشتیوانی کرێکاران و خەڵکی فەلەستین لەگەڵ کرێکاران و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئیسرائیل کە دژی داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیلن و پشتیوانی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ ئازادیی فەلەستین لەئاستی جیهان و هۆگرایەتی جیهانیی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین، ئەو هێزەیە کە دەتوانێ کۆتایی بە ڕەگەزپەرستی و داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل بێنێت و مافی بنەڕەتی نەتەوەی فەلەستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێنێتە دی. نە ڕەوتە ئیسلامییەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی عەرەبی و خودی ئیسرائیل بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی چەپ و ئازادیخواز و پێشکەوتووی فەلەستین پێکهاتوون و نە دەزگای گەندەڵی ”فەتح“ لە لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردۆن، ناتوانن داکۆکیکاری ڕزگاریی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی فەلەستین لە هەڵاواردن و بێمافی و داگیرکاری بن.

❊❊❊

# لە ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە توندوتیژی بەرامبەر ژنان پێشوازی بکەین

٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٦٠، لە بەشی باکووری "کۆماری دۆمینیکن" جەستە بێ گیانەکانی سێ خوشک بە ناوەکانی "پاتریا"، "مینروا"، "ماریاتریزا" میرابێل، لە قەراخ تاڵاوێک دۆزرانەوە. ئەم سێ خوشکە لە خەباتکارانی چالاک دژبە دیکتاتۆری "ڕافائێل تراخیلۆ" بوون کە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرا. ئەوان دوای ئەوەیکە لەلایەن خوێنڕێژانی ئەم حکوومەتەوە دەستدرێژیان دەکرێتە سەر و ئەشکەنجە دەدرێن، بەشێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێن. ئەگەرچی حکوومەت دەیهەوێست کوشتنی ئەوان بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆ نیشان بدات، بەڵام زۆر زوو دەستدرێژی و کوشتنیان بوو بەهۆی ڕسوایی حکوومەت و خوشکەکانی میرابێل بوونە هێمای "خەبات بۆ ئازادی" و بە "پەپوولە فەرامۆش نەکراوەکان" ناوبانگیان دەرکرد. ئەشکەنجە و توندوتیژی ئەنجامدراو بەرامبەر بەم سێ خوشکە و دەورونەخشیان لە خەبات دژبە دیکتاتۆری دەسەڵاتی تراخیلۆ، بوو بەهۆی ئەوەیکە لە یەکەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئەمریکای لاتین و دوورگەکانی دەریای کارائیب لە بوگوتای کۆلۆمبیا لە ساڵی ١٩٨٢، ژنان ڕۆژی ٢٥ی نوامبر وەک "ڕۆژی جیهانی خەبات بەرامبەر توندوتیژی لە دژی ژنان" ڕاگەیەنن. ژنان لەم کۆبوونەوەیەدا نەتەنها توندوتیژییان بەپێی ڕەگەز مەحکووم کرد بەڵکوو هەموو جۆرە توندوتیژیەک بەرامبەر ژنان، لە ئەشکەنجە و قەتڵ و دەستدرێژیی لەلایەن حکوومەتەکانەوە بگرە تا توندوتیژی دەروونی و فیزیکی لە چوارچێوەی بنەماڵە و ئازار و ئەزیەت و هەڵاواردنیان لە شوێنی کار و کۆمەڵگادا مەحکووم کرد.

ژنان و پیاوانی ئازادیخواز هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبردا هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کە لەلایەن کۆمەڵگای پیاوسالاری سەرمایەداری، لە شوێنەکانی کار، لە کۆمەڵگا و لە بنەماڵەدا بەسەریاندا دەسەپێ، لەڕێگەی خۆپیشاندان، کۆبوونەوە و دەرکردنی بەیاننامە و ... ئیدانە دەکەن. تەنها بەهۆی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی ژن و بەهۆی گوشاری مرۆڤایەتی عەدالەتخوازی جیهانەوە بوو کە لە ١٧ی دێسامبری ساڵی ١٩٩٩دا، کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک ٢٥ی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ٤ی سەرماوەزی وەک "ڕۆژی جیهانی نەمانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان" ڕاگەیاند.

ئێستا کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ بەسەر کوشتاری جەنایەتکارانەی خوشکانی میرابێلدا تێدەپەڕێ، لە ئێران ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش هەم وەک ڕژیمی پارێزەری بەربەریەتی سەرمایەداری و هەم وەک ڕژیمێک کە دینی کردووەتە ئامرازی پەرەپێدانی توندوتیژی، کارنامەیەکی یەکجار خۆفناکی لە بواری سەپاندنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان هەیە. ئەم ڕژیمە بە بەکارهێنانی مەزهەب وەک ئامرازی ئایدیۆلۆژیک و بە یارمەتی کەلتووری دواکەوتووانەی پیاوسالاری، هەڵاواردن و نابەرابەریی ڕەگەزی و توندوتیژی دژبە ژنانی کردووەتە یاسا و بەڕێوەی دەبات. لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا مافی سەرەتایی ژنان لەوانە مافی جیابوونەوە، مافی سەرپەرستی منداڵ، مافی میرات، مافی سەفەرکردن، مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگ، مافی هەڵبژاردنی بواری خوێندن و هیتر پێشێل دەکرێت. ژنان مافی هەڵسووکەوتی ئازادانەیان لەگەڵ پیاوان نییە. ڕژیم بە پێدانی مافی چەندهاوسەری بە پیاوان و بە پەرەپێدانی سیغە، ڕۆخسارێکی یاسایی بە لەشفرۆشی و




کڕین و فرۆشتنی ژن وەک کاڵا داوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت لە دامەزراوە پەروەردەییەکانیشدا بووەتە بنەمایەکی نەگۆڕ. لە ساڵانی ڕابردوودا لەئاکامی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی کۆنەپەرستانەی "سەهمیەبەندی جنسیەتی" کچان لە خوێندنی دەیان خولی زانکۆ بێبەری کران. ڕژیمی ئیسلامی بە پەسندکردنی گەڵاڵەکانی "ئامران بە مەعرووف و ناهیان لە مونکەر" و "سیانەت لە حەریمی عفاف و حیجاب" و بە ئیختیاراتێک کە بە باندە چەکدارەکانی لە نەوعی ئەنساری حیزبوڵڵا، گەشتەکانی ئیرشاد و بەسیج دای، بەکردەوە زەمینەی بۆ پەرەپێدانی زیاتری توندوتیژی دەوڵەتی بەرامبەربە ژنان فەراهەم کرد. داسەپاندنی ئەم بێمافی و توندوتیژیانە، دیمەنێکی ئاشکرایە لە جەهەنەمێک کە دەسەڵاتی سەرمایە و دین لە ئێراندا پێکیهێناوە. لەڕاستیدا ئەم توندوتیژییە دەوڵەتییانە بەرامبەر بە ژنان نەتەنها یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو بەستێنێکی گونجاویشی بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی لە کۆمەڵگا و لە بنەماڵەدا فەراهەم کردووە.

ئەمساڵ لە باروەدۆخێکدا لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی خەبات دژبە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان نزیک دەبینەوە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە پێشەنگایەتی ژنان پایەی ئیدیۆلۆژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک گرینگترین پایگای ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکشکاندووە و بزووتنەوەی ژنان بۆ ڕزگاری بردووەتە قۆناغێکی نوێوە. بەڵام دەورونەخشی پێشەنگی ژنان لەم بزووتنەوە شۆڕشگێرانەیە دیاردەیەکی لەناکاو نەبووە. ژنان زیاتر لە چوار دەیەیە کە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووەتە گۆڕەپانی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر هەموو ئەو ڕەنج و ئازار و نەهامەتییانەی کە دەسەڵاتی سەرمایەداری تێکەڵ بە ئیسلامی سیاسی و یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و کلتووری پرتووکاوی پیاوسالاری بەسەریدا سەپاندووە. ژنانی ئێران هیچ کات قوربانیانی بێدەنگی هەڵاواردنی ڕەگەزی نەبوون. ژنان بە بەشداری بەرچاویان لە ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری٩٨ بنەمای ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی دینیان خستە لەرزە تا ئاخێزی دواتردا وێرانی بکەن. مانگرتنی شکۆمەند و بەردەوامی کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە و مانگرتنی سێ مانگەی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی بە بێ پشتیوانی بنەماڵەکانیان و بە بێ بوێری و فیداکاری سپیدە قولیانەکان و فەرزانە زیلابیەکان بە سەرکەوتن نەدەگەیشت. ژنان لە مێترۆکاندا و لەژێر گوشاری هێزەکانی گەشتی ئیرشاددا بۆ خەڵک لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن دوان. ئەوان لە مەیدانی شارەکاندا دژبە "قەتڵە نامووسییەکان" تووڕەیی و ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی . لەسەر سەکۆکانی شەقامی ئینقلاب حیجاب ئەم هێمایەی کۆیلەتییان بە زەویدا دا. لە زانکۆکان یاسای هەڵاواردنی ڕەگەزییان بردە ژێر پرسیارەوە. لە ڕیزی پێشەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەری مامۆستایان و خانەنشینان بۆ دیفاع لە ژیان و کەرامەتی ئینسان بەشدارییان کرد. لە خەبات دژی لەناوبردنی ژینگە و قەیرانی کەم ئاوی ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی. لە چوارچێوەی بنەماڵەدا دژبە کەلتووری پیاوسالاری و ڕەگەزی دووهەم بوون، وەستانەوە. وەک دکتوور و پەرستار لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بەرامبەر پەتای کۆرۆنا گیانفیداییان نواند. ژنان لەسەر گڵکۆی کچان و کوڕانی لاویان نەتەنها ئەژنۆی خەمیان لەباوەش نەگرت، بەڵکوو سەربەرزانە و بە دەنگی بەرزەوە ڕایانگەیاند کە تۆوی ئازادییان چاندووە. ژنان ئەو کاتەش کە بە "تاوان"ی تەسلیم نەبوون بەدیل گیران و ئەشکەنجە دران، لە سەنگەری زیندانەکاندا ئیدیعانامە و شەڕی ئاشکرای خۆیان دژبە ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ڕاگەیاند.

لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانیی خەبات دژبە توندوتیژی بەرامبەر ژنان، بە تێکۆشانی هەرچی بەرینتر لەپێناو هێنانە مەیدانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، ئەم ڕۆژە بکەینە ڕۆژی خەبات بەرامبەر بە دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی و بیکەینە ڕۆژی خەبات بەرامبەر بە نیزامی پیاوسالاری سەرمایەداری.

***

# بەبۆنەی ۲۹ی نوامبر ڕۆژی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین

ڕۆژی چوارشــەممە ۲۹ی نوامــبر بەرابــەر لەگــەڵ ۸ی مانگــی سـەرماوەز، ڕۆژی جیهانـی هاوپشـتی لەگـەڵ خەڵکـی فەلەسـتینە. ڕۆژی فەلەسـتین لـە سـاڵی ۱۹۷۷ لەلایـەن کۆبوونـەوەی گشـتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، لەژێـر فشـاری خەباتـی مافخوازانـەی خەڵکـی فەلەسـتین و بیـروڕای گشـتی خەڵکـی ئازادیخـواز لـە جیهـان دیـاری کـرا. ئامانـج ئـەوە بـوو تـا هەمـوو سـاڵێ لـەم ڕۆژەدا بـە بەڕێوەبردنـی ڕێوڕەسـمی تایبـەت، لەسـەر مافـە پێشـێلکراوەکانی خەڵکـی فەلەسـتین پێداگـری بکرێـت. لـەم ڕۆژەوە هەتـا ئێسـتا نەتەنهـا ڕەنـج و ئازارەکانـی خەڵکـی سـتەملێکراوی فەلەسـتین کـەم نەبووەتـەوە، بەڵکـوو جینۆسـاید و وێرانـکاری زیاتـر، هـەژاری و بێبەشـی بەرینـتر، زیندانیکردنـی لاوان و ئاوارەیـی زیاتـر بەسـەر خەڵکـی فەلەسـتیندا سـەپاوە.

ئەمسـاڵ ڕۆژی هاوپشـتی جیهانـی لەگـەڵ خەڵکـی فەلەسـتین لـە بارودۆخیدایـە کـە مرۆڤایەتـی شـایەدی شـەپۆلێکی تـازە لـە جینوسـاید و تاوانـی جەنگـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل بـەدژی خەڵکـی فەلەسـتین لـە کەرتـی غەززەیـە. دەوڵەتـی داگیرکـەری ئیسرائیـل بـە پاسـاوی بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ مەترسـی تیرۆریزمـی حەمـاس زیاتـر لـە ٤٧ شـەو و ڕۆژە خەڵکـی فەلەسـتینی لـە گەورەتریـن زیندانـی سـەرئاواڵەی جیهـان بـەردەوام لـە زەوی و ئاسـمان و دەریـاوە بۆردومـان کـردووە. لەئاکامـی ئـەم هێرشـەدا هەتـا ئێسـتا زیاتـر لـە ١٤ هـەزار کـەس کـە پـتر لـە ٥ هـەزار کەسـیان منـداڵ بـوون گیانیـان لەدەسـت داوە. دەیـان هـەزار کـەس برینـدار و زیاتـر لـە یـەک ملیـۆن کەسـیش ئـاوارە بـوون. دەوڵەتـی ئیسرائیـل ڕایگەیانـدووە کـە دوای چـوار ڕۆژ ڕاوەسـتان دووبـارە بۆمبارانـەکان دەسـتپێدەکاتەوە. بـەم حاڵـەوە خەڵکـی فەلەسـتین لـە کەرتـی غـەززە بـە خۆڕاگرییـان لەژێـر ئاگـری بۆمبارانـی بـەردەوام و وێرانـکاری، بـە تەحەمولـی برسـیەتی، توونیەتـی و تاریکـی، بـە هـەوڵ بـۆ دەربازکردنـی کەسـوکاریان لـە ژێـر ماڵـە ڕووخـاوەکان، بـە تەحەمولـی غـەم و ماتەمـی لەدەسـتدانی ئازیزانیان، پزیشـکان و پەرسـتاران و کادری پزیشـکی بـە گیانفیدایـی لەپێنـاو نەجاتدانی برینـدار و نەخۆشـەکان نەتەنها دەوڵەتـی ڕەگەزپەرسـتی ئیسرائیـل بەڵکـوو دەوڵەتانـی ئەمریـکا، بریتانیـا، ئاڵـمان، ئیتالیـا و فەڕانسـە و باقـی دەسـەڵاتەکانی تـر کـە بەبـێ شـەرت و مـەرج لـەم جەنایەتـە پشـتیوانی دەکـەن، لـە بـواری ئەخلاقیـەوە تێکیانشـکاندن. خەڵکـی فەلەسـتین لـە غـەززە بـە خۆڕاگریـی خۆیـان سرووشـتی درۆییـن و فریوکارانـەی دیموکراسـییە بورژواییەکانیـان لـە دیفـاع لـە مافـی مـرۆڤ زیاتـر لـە هەمـوو کاتێـک ڕسـوا کـرد. بیـروڕای مرۆڤایەتـی ئازادیخـواز و بەرابەریتەڵەبیـان لـە سەرانسـەری جیهـان بـەرەو پشـتیوانی لـە خەڵکـی فەلەسـتین هانـدا. ئاگربەسـتی چـوار ڕۆژە و گۆڕینـەوەی دیلـەکان لەڕاسـتیدا بەرهەمـی ئـەم شکسـتە ئەخلاقییـەی دەوڵەتـی ئیسرائیـل و هاوپەیمانەکانـی و دەسـتکەوتی ئـەو بزووتنـەوە جەماوەرییەیـە کـە لـە ڕۆژ یەکەمـەوە بـە خواسـتی ڕاگرتنـی دەسـتبەجێی شـەڕ هاتـە مەیـدان.

ئەمـڕۆ لـە بارودۆخێکـدا ڕۆژی جیهانـی هاوپشـتی لەگـەڵ خەڵکـی فەلەسـتین دێـت کـە ئەگەرچـی ئـاڵای حکوومەتـی خودموختـاری فەلەسـتین لـە پەنـا ئـاڵای ١٣٦ وڵاتـی جیهانـە و ئـەم حکوومەتـە بەڕەسـمی نـاسراوە، بـەڵام تەنانـەت ئـەم پێگـە دووفاکتۆیـەش نەیتوانیـوە گرێیـەک لـە ڕەنجـی بـێ پایانـی ئـەم نەتـەوە سـتەمدیدەیە بکاتـەوە. لەمـاوەی ئـەم سـاڵانەدا و سـەرەڕای بەرزکردنـەوەی فۆرماڵـی ئـەم ئاڵایـە، شـاروچکە یەهـوودی نشـینەکان زیاتـر پەرەیـان سـەندووە و ژمارەیەکـی زیاتـر لـە خەڵکـی فەلەسـتین لـە ماڵـی خۆیـان دەرکـراون. لێـواری ڕۆژئـاوای ڕووبـاری ئـۆردۆن کـە بەشـێک لـە خەڵکـی فەلەسـتین لـەوێ نیشـتەجێن، بـە کێشـانی دیـواری بێتۆنـی و تەلـدڕوو بووەتـە زینـدان بـۆ ئـەم خەڵکـە. کەرتـی غـەززە شـوێنی ژیانـی بەشـێکی دیکـە لـەم خەڵکـە، لـە بەشـی سـەرەکی جیا بووەتـەوە




و بەتـەواوی گەمـارۆ دراوە و بـە گەورەتریـن زیندانی سـەرئاواڵەی جیهـان ناوبانگـی دەرکـردووە. تەنانـەت دەروازە سـنوورییەکان لەگـەڵ وڵاتـی میسریـش لەسـەریان داخـران. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، لەمـاوەی ئـەم سـاڵانەدا، دەیـان جـار لەلایـەن ئەرتەشـی ئسـیرائیلەوە هێرشـی وێرانکـەر و مەرگبـاری هەوایـی و زەمینییـان کراوەتـە سـەر و هـەزاران کـەس لـە دانیشـتووانی کـوژران و ماڵەکانیـان بەسـەریاندا ڕووخـا. لـە هەمـان کاتـدا هـەزاران تـازەلاو و گەنجـی فەلەسـتینی لـە لێـواری ڕۆژئـاوای ڕووبـاری ئـوردۆن لەلایـەن سـەربازانی ئەرتەشـی ئیسرائیلـەوە کرانـە ئامانـج و کـوژران یـان برینـدار بـوون. زیندانەکانـی ئیسرائیـل هـەزاران فەلەسـتینیی خەباتـکاری تێـدا ڕاگیـراوە.

دەسـەڵاتی ئیسرائیـل بـۆ درێـژەدان بـە چەوسـاندنەوە و داگیرکردنـی خاکـی فەلەسـتین بـە پشـتیوانی بـێ بێدەریغـی دەوڵەتـی ئەمریـکا پشـتی بەسـتووە. چونکـە تـا حکوومەتێکـی ڕەگەزپەرسـت و ئایینـی لـەم وڵاتـەدا لەسـەر کار بێـت، بـە ناچـار لـە بـەرەی ئەمریـکادا دەبێـت. لـە ڕوانگـەی حکوومەتـی ئەمریـکا و ئەندامانـی ئورووپایـی ناتـۆ، ئەگـەر هـەر گۆڕانکارییـەک لـە دیمەنـی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ڕووبـدات، حکوومەتـی ئیسرائیـل وەک هێزێکـی یـەدەک دەمێنێتـەوە بـۆ بەرگریکـردن لـە بەرژەوەندییەکانـی ئـەم وڵاتـە و هەمـوو جیهانـی ڕۆژئـاوا. بۆیـە لـە ڕوانگـەی بەرژەوەندییـە سـتراتیژییەکانی ئیمپریالیزمـی ئەمریـکاوە، وڵاتـی ئیسرائیـل دەبێـت خاوەنـی حکومەتێکـی سـەقامگیر و بەهێـز بێـت. دەسـەڵاتی ئیسرائیـل بـە ئاگاداربـوون لـەم پێگـە بابەتییـەی خـۆی، سەرسـەختانە لەحاڵـی سـەرکوتکردنی نەتـەوەی مافخـوازی فەلەسـتیندایە.

بـەڵام تـا ئـەو جێگـەی پەیوەنـدی بـە کرێـکاران و خەڵکـی ئیسرائیـل و فەلەسـتینەوە هەیـە، ئـەوان هیـچ بەرژەوەندییەکیـان لـە درێـژەی ئـەم دوژمنایەتـی و ڕق و کینـەی ئایینـی و جینۆسـایدەدا نییـە. لـەو نێـوەدا پێویسـتە حیسـابی چەنـد هـەزار فالانژیسـتی یەهـوودی کـە بوونەتـە ئامـرازی دەسـتی دەوڵەتـی داگیرکـەری ئیسرائیـل، لـە کرێـکاران و خەڵکـی ئیسرائیـل جیـا بکرێتـەوە. دەسـەڵاتی ڕەگەزپەرسـتی ئیسرائیـل ئاگاهانـە هـەوڵ دەدات ڕق و نەفـرەت دژبـە خەڵکـی فەلەسـتین بـەردەوام بەرهـەم بێنێتـەوە. ئـەوە دەوڵەتـی ئیسرائیلـە کـە بـە داگیـرکاری، سـەرکوتکەری و جەنایاتـی خـۆی، زەمینـەی بـۆ پەرەسـەندنی ڕەوتـە کۆنەپەرسـتە تیرۆریسـتەکانی بزووتنـەوەی ئیسـلامی سیاسـی بـۆ نموونـە حەمـاس و ڕێکخـراوی جەهـادی ئیسـلامی لەنـاو خەڵکـی فەلەسـتین و زەمینـەی بـۆ دەخاڵەتەکانـی ڕژیمـی تاوانـکاری کۆمـاری ئیسـلامی لـە مەسـەلەی فەلەسـتیندا فەراهـەم کـردووە.

بـۆ ڕزگاری لـەم جینۆسـاید و جەنایەتـە جەنگییـە ڕێگایـەک بوونـی نییـە بێجگەلـە ئەوەیکـە کرێـکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەسـتین و و کرێـکاران و خەڵکـی ئاشـتیخواز و پشـکەوتنخواز لـە ئیسرائیـل یەکگرتووانـە دژبـەم دەوڵەتـە دەسـتی ڕاسـتییە کـە مانـەوەی خـۆی لـە پێشـێلکردنی مافـی خەڵکـی فەلەسـتین و کوشـتنی بەردەوامیانـدا دەبینێـت، بێنـە مەیـدان. خەڵکـی سـتەملێکراوی فەلەسـتین تەنهـا بـە یەکگرتوویـی و هاوپشـتی لەگـەڵ کرێـکاران و جەمـاوەری خەڵکـی زەحمەتکێـش و بزووتنـەوە پێشـڕەوە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ئیسرائیـل، بـە درێـژەی خەباتـی یەکگرتووانـەی خۆیـان و بـە ڕاکێشـانی پشـتیوانی مرۆڤایەتـی ئازادیخـواز و یەکسـانی خـواز لـە سەرتاسـەری جیهـان و بـە سـنووربەندنی لێبڕاوانـە لەگـەڵ ئاراسـتەی دژەیەهوودیـی ڕەوتـە کۆنەپەرسـتە ئیسـلامییەکان دەتوانـن ڕێگایـەک بـۆ ڕزگاری لـەم وەزعیەتـە نابەسـامانە و گەڕانـەوەی ئـاوارەکان بـۆ وڵاتێـک کـە لێـی دەرکـراون و ڕێگایـەک بـۆ پێکهێنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی فەلەسـتین بدۆزنـەوە. بەسـتێنەکانی ئـەم هاوپشـتییە ئامادەیـە. ڕەوابوونـی داخـوازی و خەباتـی خەڵکـی فەلەسـتین، هۆگرایەتیـی جیهانـی مافـی پێکهێنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ، بوونـی ناوەنـدەکان و ژمارەیەکـی بەریـن لـە کرێـکاران و نـەوەی لاوی ئاشـتیخواز لـە ئیسرائیـل و هێزی هاوپشـتی جیهانـی دەتوانێ پڕۆسـەی ڕزگاری خەڵکـی فەلەسـتین و پێگەوەژیانـی ئینسـانی خەڵکـی ئیسرائیـل و فەلەسـتین خێراتـر بکاتـەوە. بـۆ وەدیهێنانـی خواسـتە سـەرەکیەکانی خەڵکـی فەلەسـتین، پێکهێنانـی دەوڵەتـی ڕەسـمی و سـەربەخۆ یەکەمیـن هەنـگاوی زەروورییـە کـە پێویسـتە هەڵبگیرێـت. لەگـەڵ پێکهێنـان و بەڕەسـمی ناسـینی دەوڵەتـی سـەربەخۆی فەلەسـتین، چینـی کرێـکار و خەڵکـی بێبەشـی فەلەسـتین بـۆ بەدواداچوونـی خواسـتی چینایەتـی و ئازادیخوازییەکانیـان و بـۆ خەبـات دژبـە گەندەڵـی و کۆنەپەرسـتی ناوخـۆ دەکەونـە پێگەیەکـی گونجاوتـرەوە.

بەڵام هەڵگرتنی ئەم یەکەمین هەنگاوە و دەستپێکی پڕۆسەی ڕاستەقینەی ئاشتی لە ناوچەکە، بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی ملیۆنها ئاوارەی فەلەستینی پرژوبڵاو لە ناوچەکە و سەرانسەری جهان، بەبێ ڕاگرتنی سیاسەتی دروستکردنی شارۆچکەی یەهوودی نشین، بەبێ چوونەدەری هێزە داگیرکەرەکان لە ناوچەکانی فەلەستین، لە دەستووردانانی پڕۆژەی نوێژنکردنەوەی وێرانییەکانی شەڕی چەندین ساڵە و بە بێ ئازادیی سەرجەم بەندکراوانی ناو زیندانەکانی ئیسرائیل، وەدی نایە. لە هەمان حاڵدا بە پێکهێنانی دەوڵەتی فەرمی و سەربەخۆی فەلەستین، مەیدانی مانۆر و ستەمی مێژوویی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ئیرتجاعی ئیسلامی، کە لە مەزلوومیەتی خەڵکی فەلەستین بۆ درێژەدانی دەسەڵات لە وڵاتەکەیان و یان بۆ بەدەستهێنانی نفووز لەناو خەڵکی ناوچەکە کەڵک وەردەگرن، سنووردارتر دەبێتەوە.

***

## دەنگی ڕەسای دوو پەیام لەدژی تەوەحوشی دژەئینسانی بەرامبەر کۆچبەرانی ئە فغا نستا نی

لەحاڵێکدا کە هەموو میدیا فەرمییەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیی ڕۆژئاوا هاودەنگ لەگەڵ یەکتر بێشەرمانە لە شەڕی ترسناکی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە غەززە پشتیوانی دەکەن و بۆ بەناو مافی بەرگریکردنی دەوڵەتی داگیرکەر تەبلیغاتێکی بەرینیان خستووەتە ڕێ، کارەساتی کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و منداڵان و ئاوارەبوونی زیاتر لە یەک ملیۆن ئینسان هەموو ویژدانێکی هوشیار ئازار دەدات.

شەڕی دژەئینسانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە غەززە زیاتر لە یەک ملیۆن ئینسانی تری بە سەدان ملیۆن ئاوارەی وڵاتانی دیکە زیاد کرد کە ئەوانیش وڵاتیان بووتە مەیدانی شەڕی نیابەتی و ئێتنیکی و مەزهەبی. ئاستی دڕندەیی و وەحشیگەری شەڕ لە غەززە بوو بەهۆی ئەوەیکە کارەساتی ئاوارەکانی ئەفغانستان لە ئێران و پاکستان لەماوەی ڕۆژان و هەفتەکانی ڕابردوودا، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری نەبێت. شۆڤنیسمی ئاریایی و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لەلایەکەوە و دەوڵەتی سەرکوتکەری پاکستان لەلایەکی دیکەوە هێرشێکی هەمەلایەنەیان کردە سەر کۆچبەرانی ئەفغانستانی. لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا دەرکردنی کۆچبەرانی ئەفغانستانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و تەنها لەماوەی ئەو ٩ ڕۆژەدا کە سەرانی کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەت بۆ دیفاع لە هێرشی حەماس هات و هاواریان دەکرد، زیاتر لە ٢١ هەزار کۆچبەری ئەفغانستانی ڕەوانەی ئەفغانستان کراون. "ئیرنا"، ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە بڵاویکردەوە، ژمارەی ئەو ئەفغانیانەی لە سنوورەکانی پارێزگای خوراسانی ڕەزەوییەوە گەڕاونەتەوە، نزیکەی ٣٢٨ هەزار کەس بوون. سەرانی کۆماری ئیسلامی بە زیادەڕەوی سەبارەت بە ژمارەی ئاوارەکانی ئەفغانستان بە ئەنقەست شەپۆلێکی دژە کۆچبەرییان پەرەپێدا. هەرچەندە وردەکاری وتووێژەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و تاڵەبان سەبارەت بە چارەنووسی ئاوارەکان ئاشکرا نەکرا، بەڵام ئێستا دەکرێ تێبگەین کە چ بڕیارێکی نامرۆڤانەیان داوە. سەدان هەزار کەس لەو کۆچبەرانە لانیکەم بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ژیاون و بەشێکی زۆریان




لە ئێران لەدایک بوون.

هاوکات لە پاکستان دوامۆڵەت بۆ چوونەدەری کۆچبەرانێک کە زۆربەیان چوار دەیەیە لەو وڵاتە دەژین ڕاگەیەندرا. ئەوەش بە مانای دەکردنی ١ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کۆچبەری ئەفغانستانییە. دەیان هەزار کەس لەوان لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا ڕەوانەی ئەفغانستان کراون و دەوڵەتی پاکستان ئیجازەی پێداون کە تەنیا هەزار و٥٠٠ ڕووپیە کە دەبێتە ١٦٠یۆرۆ لەگەڵ خۆیان بەرنە دەرێ و باقی ئەمواڵیان لەلایەن دەوڵەتی پاکستانەوە زەوت کراوە. ئەمەش لەحاڵێکدایە کە زۆرێک لە کۆچبەرانی ئەفغانستانی، ئێران و پاکستان وەک ڕێڕەو بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ئەمن بەکاردەهێنن. سەختتر بوونی کۆنترۆڵی سنوورەکان و دەرکردنیان لەم دوو وڵاتە دراوسێیە، بووەتە هۆی ئەوەیکە گەڕانەوە بۆ ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبان، تەنها بژاردەیان بێت.

لەو نێوەدا و لە جەرگەی کارەساتێک کە بەسەر کۆچبەرانی ئەفغانیدا سەپاوە، هاواری "سائمە سوڵتانی" فێمێنیستی ئەفغانستانی دەبیسترێت کە دەنووسێت: „من لەو ژنە ئەنترناسیۆنالیست و سۆسیالیست فێمێنیستانەی ئەفغانم کە لە قووڵایی نابەرابەریی ڕەگەزیی کۆمەڵگایەکی دژەژن و پیاوسالارەوە هەستاوم و ساڵەهایە بەرامبەر بە دێوەزمەی بەهێزی پیاوسالاری و پارێزەرە سەرەکییەکەی واتە ئیمپریالیسم وەستاوم". سائمە ڕوو بە خەڵکی ئێران دەڵێ: „دراوسێ، دەمهەوێ سڵاوت لێ بکەم. بەم سڵاوە دەمهەوێ سەری قسە لەگەڵ تۆ، لەگەڵ دڵت، وێژدان و زەمیرت بکەمەوە! نامەی ناڕەزایەتیم لە کاردانەوە بەرامبەر بە ڕەوتی بەرینی دژەئەفغانی و ڕەخنە لە ڕفتاری فاشیستی، شوڤنیستی و ناسیۆنالیستی لە کۆمەڵگای ئێرانە دژبە ئینسانی ئەفغانستانی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەموو ساڵێ بە شکڵی سیستماتیک بەڕێوەدەچێت. ئەم نامەیە ئەو پێوەرانەی جیهانی پیاوسالاری لەوانە ناسیۆنالیسم دەداتە بەر ڕەخنە کە ئینسانەکانی لە بەرابەر هاونەوعەکانیدا کوێر و بێ تەفاوت کردووە. ئەوە دەداتە بەر ڕەخنە کە چلۆن ئاراستەیەکی نگریسی وەک ناسیۆنالیسم و ناسنامەی جۆگرافیایی، ئینسان دەکاتە گورگی ئینسان. وامان لێدەکات کە ژان و خەمی هاونەوعەکانمان نەتەنها دڵگران و ناڕەحەتمان ناکات، بەڵکوو بەپێی تەقسیمبەندییەکی ترسناک، "ئێمە" و "ئێوە" لە ئەشکەنجە و ڕنج و ژانی یەکتر چێژ وەردەگرین".

ئەم هاوارە ڕەسایەی مرۆڤایەتی لەلایەن ڕەزا شەهابی ڕێبەری کرێکاری و بەندکراوی سیاسی ناو زیندانی ئێڤین وڵامی شایستەی پێدراوە. ڕەزا شەهابی دەنووسێ: „سائمە گیان، دراوسێ و هاوچارەنووسی ئازیز، پەیامی سەمیمانەی تۆم بیست. هەروەک دەڵێن، قسەیەک لە دڵەوە بێت لە دڵیش دەنیشێ. دەڵێن شەرم هەستێکی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام نامەکەی تۆ تووڕەیی و شەرم هاوکات هەڵدەخڕێنێ. تووڕەبوون بەخاتری توندوتیژی، دەرکردن و سووکایەتی پێکردنی ڕۆژانە کە بەبیانووی ئەفغانستانی بوونەوە بەڕێوەدەچێت. وە شەرم لەوەیکە لەم کۆمەڵگایەدا منیش ئێرانیم. وە دەزانم لە هەموو ئەم ساڵانەدا بەیەقین زۆر کار بوون کە لەدەستم هاتووە و نەمکردوون. بەڵام دڵم دێتە ژان کاتێک دەبینم بەداخەوە لەناو خەڵکی ستەملێکراوی وڵاتی ئێمە و تەنانەت لەم زیندانەدا، لەناو هێندێک لە چالاکانی سیاسی و سینفی کە دەبێ ئاڵاهەڵگرانی خەبات دژی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بن، بانگەشەی نەفرەت و تەفرەقە و "من" و "تۆ"یی دەکەن. بێگومان نامەی "سائمە سوڵتانی" و وڵامی "ڕەزا شەهابی" ئەوپەڕی مرۆڤایەتین کە هەموو سنوورەکانی جوگرافیا و نەتەوە تێکدەشکێنن.

***

## پەیامی ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خانەنشینان:
## بزووتنەوەی کرێکاری، هاوپەیمانی بزووتنەوەی خانەنشینان و مامۆستایان، پەرستاران و کادری دەرمانە و پێویستە لە یەکتر پشتیوانی بکەین! خەباتی کرێکاران، خانەنشینان و مامۆستایان بەیەکەوە پەیوەند بدەین و ناڕەزایەتییەکانمان سەرانسەری بکەینەوە

کرێکارانی زۆرێک لە ناوەندە کرێکارییەکان بەتایبەت سەنعەتی نەوت، فوولاد، پێترۆشیمییەکان و مەعدەنەکان، لەوانە خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی، کشوەری، موخابرات، فوولاد و باقی خانەنشینانێک کە لەژێر پۆشش سندووقەکانی دیکەدان بە ڕیزی ناڕازیەتییەکان پەیوەست بوون و بۆ نیشان دانی ناڕەزایەتی خۆیان هاتوونەتە شەقامەکان. کرێکاران و خانەنشینان لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی خۆیان ئەم دروشمە دەڵێنەوە: "تا حەقمان وەرنەگرین هەموو ڕۆژێ هەمان بساتە". پەرەستاندنی ئەم ناڕەزایەتییانە، کاردانەوە دژبە بارودۆخی سەختی ژیان و هەڵاواردن و نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکانە کە بەئاشکرا نیشانەکانی لە کەمبوونی حەقدەست، هەژاری و فەلاکەتی بەرین




و چەوسانەوە و سەرکوتی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا دەبینرێ.

ناڕەزایەتی دژبەم بارودۆخە حەقارەتبارەی کە دەسەڵات، دەوڵەت و سەرمایە بەسەر زۆربەی جەماوەری خەڵکدا سەپاندووە، گەلێک هەوراز و نشێوی بڕیوە و لە هێندێک قۆناغدا بووەتە خەباتی مەرگ و ژیان. بە باوەڕی ئێمە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان و مانگرتنەکان ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە و هەر بۆیە بەشێوەی جیا جیا ئاکامێکی ئەرێنییان نابێت. ڕەوتەکانی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی نابێ بەشێوەی لێک جودا و پرژ و بڵاو، ناڕەزایەتییەکانیان بەڕێوە بەرن.

پێکەوە پەیوەنددرانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بەتایبەت بزووتنەوەی کرێکاران، خانەنشینان مامۆستایان، ژنان و ناڕازییانی دیکە کە تێکۆشانیان لەسەر شەقام و شوێنی کار بەردەوامە، دەبنە هۆی بەهێزبوونی هەر کام لەوان و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و یەکگرتوو پێکدێت کە باشتر دەتوانێ ناڕەزایەتی هاوبەش بەڕێوەبەرێت و لە وەدیهاتنی خواستەکانی هەر بەشێکدا یارمەتیدەر دەبێت. بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن پێویستمان بە یەکگرتوویی و هاودەنگی هەیە. لەم خەباتەدا هیچ پێویستییەکمان بە ناوەندە ڕەسمییەکان، خانەی کاریگەر، ئەنجومەن و شۆڕا ئیسلامییەکان و کانوونەکانی خانەنشینان نییە کە هەر هەموویان هاودەستی دەوڵەتن. ئەم ناوەندانە لە ململانێی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران و دەوڵەتدا هەمیشە لە بەرەی دەوڵەت و خاوەنکاراندا وەستاون. هەرگیز ڕێگەیان پێنادەین بێنە ناو ریزەکانمان و فریو ناخۆین.

خواستی بردنەسەری حەقدەست و حقووقی کرێکارانی لەسەرکار و خانەنشین، سەختی کار، گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشە، هاوسانسازی بەپێی حەقدست و حقووقێک کە خەرجی بنەماڵەیەکی ٤ کەسی دابین بکات. (پایەی حەقدەست لانیکەم نابێ لە ٣٠ ملیۆن تمەن کەمتر بێت). بەڕێوەبردنی ماددەی ١٠ی کریکارانی نەوت، سەربەخۆیی سندووقەکانی خانەنشینی و سازمانی تەئمینی ئیجتماعی و کۆنترۆڵ و چاوەدێری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خانەنشینان بەسەر سندووقەکان و سازمانی تەئمینی ئیجتماعی و خواستەکانی دیکە و مەزایای شوغلی، ئەو داخوازییانەن کە کرێکاران، خانەنشینان و مامۆستایان بەشێوەی هاوبەش لێی بێبەرین. بێگومان دەستەبەرکردنی ئەمانەش بە خەباتی هاوبەش دێتە دی.

کرێکارانی لەسەرکار و خانەنشین یەکگرن یەکگرن

٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠٢

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتی خانەنشینان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***

## بزووتنەوەی خوێندکاری تەسلیمی سیاسەتی دژەژنی ڕژیمی ئیسلامی نابێت


لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا و بەدوای دامرکانی ناڕەزایەتییەکانی شەقام لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە تا بەڵکوو بتوانێ بە ئەزیەت و ئازار، دەستگیری و زیندان، ئەشکەنجە و کوشتنی ژنان، دەستکەوتەکانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە زەوت بکات و یاسای دژەژنی حیجابی ئیسلامی بەسەر ژناندا بسەپێنێ. بەپێی ڕاگەیاندنی ناوەندە خوێندکارییەکانی زانکۆی بەهەشتی ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی مانگی خەزەڵوەر هێزەکانی حەراسەتی ئەم زانکۆیە لەگەڵ بەکرێگیراوانی دیکەی حکوومەتی بە سەر و دەموچاوی داپۆشراوەوە هێرشیان کردووەتە سەر کتێبخانەی زانکۆ و کلاسەکانی دەرسی خوێندکارانی دەروونناسی لەم زانکۆیە. ئەم هێرشە وەحشیانەیە لە حاڵێکدا ئەنجام دراوە کە مامۆستا لەحاڵی وتنەوەی دەرسدا بووە و ئەم مۆرە "ناشناس"انەی دەزگای ئەمنیەتییەکانی ڕژیم وێڕای سووکایەتی و بێ ئیحترامی کردن، کارتی خوێندکارییان لەو خوێندکارانە وەرگرتووەتەوە کە ڕووسەرییان کەوتبووە خوارەوە. کەناڵی تێلێگرامی "شۆرا سینفییەکانی خوێندکارانی ئێران" ئاشکرای



کرد کە لە ناڕەزایەتی بەو هێرشەی مەئموورانی ئەمنیەتی ڕژیم، ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی مانگی خەزەڵوەر خوێندکارانی بەشی دەروونناسی ئەم زانکۆیە نەچوونەوە سەر کلاسەکانی دەرس و لە چوارچێوەی زانکۆدا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبردووە. ئەم ناوەندە خوێندکارییە لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هێرشەی دەزگا ئەمنیەتییەکان بۆسەر خوێندکاران هۆشداری داوە کە: "بێدەنگی و ئینفعالی ئێمە دەتوانێ ئەمجۆرە کردەوە ناسایانە بکاتە ڕەواڵێکی هەمیشەیی. داوا لە هەموو خوێندکارانی زانکۆ دەکەین کە لەناڕەزایەتی بەم کردەوەیەی حکوومەتی ئیسلامی و بۆ ڕێگری لە شکاندنی حورمەتی فەزای زانکۆ، ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە لە کلاسەکانی دەرسدا بەشدار نەبن و بایکۆتی بکەن". بەدوای ئەمەدا ڕۆژی چوارشەممە یەکی مانگی سەرماوەز خوێندکارانی بەشی کۆمپیوتێری زانکۆی سەنعەتی شەریف، بۆ پشتیوانی لە خوێندکارانی زانکۆی بەهەشتی مانگرتنیان بەڕێوەبرد.

هەر لەم ڕاستایەدا و لە ناڕەزایەتی بە پەرەسەندنی گوشاری

هێزەکانی حەراست و فەزای پۆلیسی لە زانکۆکان، ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممەی هەفتەی ڕابردووش خوێندکارانی زانکۆی تەربیەت مودەرس کە نەچووبوونەوە سەر کلاسەکانی دەرس، بەم ناڕەزایەتی و مانگرتنە پەیوەست بوون. ڕێکخراوەکانی خوێندکاران ڕایانگەیاندووە کە لە سەرەتای ساڵی خوێندن لە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵەوە دەزگا سەرکوتکەرە ئەمنیەتی و نیزامییەکان هەوڵ و ئیقداماتیان دژبە خوێندکاران پەرەپێداوە. خوێندکاران و مامۆستایانی ناڕازی بەردەوام بانگ دەکەن، دەستبەسەریان دەکەن و دەریان دەکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم گوشارانە خوێندکاران نیشانیان داوە کە لە بەرابەر هێرشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا تەسلیم نابن و بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی خەباتیان، ناڕەزایەتییەکانیان بە هەر شێوەیەک بێت درێژە دەدەن. لە ڕاستای ئەم خەباتەدا




زۆربەی کچانی خوێندکاری پەردیسی نێونەتەوەیی زانکۆی سەنعەتی شەریف، ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر لە دوورگەی کیش بە بێ حیجاب و بە کڵاو و جلی دەرچوونەوە ئامادە بوون و ئاهەنگی دەرچوونیان گێڕا. ئەم حەرەکەتەی خوێندکارانی خەباتکار لەلایەن ئامادەبووان و بیروڕای گشتییەوە پێشوازیی لێکرا. ئەم حەرەکەتەی خوێدکارانی ئازادیخواز کە بە مانای ژێر پێ نانی یاسا و دەستووراتی کۆنەپەرستانە و دژی ژنی حکوومەتی ئیسلامییە، بوو بەهۆی ئەوەیکە ڕەسوول جەلیلی سەرۆکی حیزبوڵڵایی ئەم زانکۆیە کە جێگەی متمانە و دەستنیشاندەی خودی خامنەیی بوو، لەگەڵ سەرۆکی پەردیسی کیشی زانکۆی شەریف، لە زانکۆ دەربکرێن.

کردەوەی سەرکوتگەرانەی دەزگا ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی و ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێت کە یەک مانگ لەمەوبەر ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە بە ترس و نیگەرانی لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەری هەواڵی قەتڵی ”ئارمیتا گەراوەند“ی ڕاگەیاند. ئەم منداڵە بوێرە ١٧ ساڵەیەش هەروەک ژینا ئەمینی و دەیان کەسی دیکە تەنها بەخاتری ڕەعایەت نەکردنی حیجابی ئیسلامی لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکان و بەکرێگیراوانی ”حیجاب بان“ەوە هێرشی کرایە سەر و مێشکی زەربەی پێگەیشت و گیانی لەدەست دا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم سەرکوتگەرییانە ژنانی بوێر و ئازادیخواز لە ئێران دیواری یاسا و ڕێسای حکوومەتی ئیسلامییان تێکشکاندووە و ڕۆژانە بەئاشکرا بە بێ حیجابی ئیجباری ئەم هێمایەی هەڵاواردنی ڕەگەزیی ڕژیم لە شەقام و مەیدانەکاندا هاتوچۆ دەکەن.

بەڵام ئەوە تەنها کاربەدەستانی زانکۆ و ناوەندە ئەمنیەتییەکان نین کە لە زانکۆکاندا فەزای سەرکوت پەرە پێدەدەن، بەڵکوو هەموو ڕێبەران و سەرانی حکوومەتی ئسیلامی لە خامنەییەوە تا مەقاماتی دیکەی ئەم ڕژیمە ڕۆژانە بە هەڕەشە و بە پەرەپێدانی خورافات هەوڵ دەدەن کۆمەڵگا بەرەو دواوە بگێڕنەوە تا دەسەڵاتی تاوانکارانەیان درێژە پێ بدەن. لەم پێوەندەدا عەلی خامنەیی ڕۆژی چوارشەممە یەکی مانگی سەرماوەز بە کۆکردنەوەی ژمارەیەک لە وەرزشکاران و مۆرەکانی سەربە حکوومەت، ڕوو بە ژنان دەستی بە مەوعیزە و هەڕەشە کردن کرد. ئەو لە ناڕەزایەتی بەو فێدراسیۆنە وەرزشییانەی کە کۆماری ئیسلامی بەخاتری ڕەچاونەکردنی پێوەرە نێونەتەوەییەکان بۆ نموونە داسەپاندنی حیجابی ئیجباری بەسەر ژنانی وەرزشکار، ڕێگری لە دەست لێدانەوە لەگەڵ پیاوانی بەقەولی خۆی ”نامەحرەم“ وە یان ڕووبەڕوو نەبوونەوە لەگەڵ تیمەکانی ئیسرائیل، تەحریم دەکەن وتی: ”ئەوان بە بیانوویەکەوە وڵاتێک لە بەشداری لە هەموو ئوردووگا وەرزشییەکان بێبەری دەکەن“. ئەو لە هەمان حاڵدا دەستخۆشی لەو وەرزشکارە ژنانە کرد کە بە پۆشینی حیجابی تەواوەوە دەچنە ناو مەیدان و لەگەڵ نامەحرەم دەست لێ نادەنەوە. دەستخۆشی لەوانە کرد کە بە هێماکانی حکوومەتی ئیسلامییەوە بۆ نموونە ”سوجدە بردن لەسەر زەوی و دوعا کردن و هیتر“ دەچنە ناو مەیدانی وەرزشییەوە. مانای ئەم وتانەی خامنەیی کە لەڕاستیدا نیشانەی شکستی ڕژیمە لە بەرابەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ژنانی خەباتکار، بۆ دەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتگەرەکانی ڕژیم فەرمانی پەرەپێدانی گوشار و سەرکوتی زیاتر بۆسەر ژنانی خەباتکار و ئازادیخوازە.

ڕژیم ئەمجارە لەژێرناوی هێزەکانی ”خۆڕسکی خەڵکی“دا، ژمارەیەکی زیاتری هێزی سەرکوتگەری ئەمنیەتی، لیباس شەخسی، لات و چەقۆکێشی بەسیج و خاهەری زەینەب بەتایبەت لە مێترۆکان داناوە تا ئاتەش بە ئیختیار هێرش بکەنە سەر ژنان. زاکانی، شارەداری تاران بۆ پاساو کردنی ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەی ڕژیم ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە ژنان کرد و وتی: ”ئەم هێزە خەڵکییانە خۆڕسکن و لە مێترۆکاندا ئەمری بە مەعرووف ئەنجام دەدەن. ئایا دەتوانین پێیان بڵێین ئەم کارە مەکەن؟“. سەرپاسدار وەحیدی وەزیری ناوخۆی ڕژیمیش ڕۆژی چوارشەممە بۆ پاساوی ئەزیەت و ئازاری ڕێکخراوی ژنان وتی: ”ئێمە موجەوزێکی تایبەتمان بە حیجاببانەکان نەداوە و هەڵبەت پێویستیشیان نییە. ئەمانە گرووپەکانی خەڵکن کە لەژێرناوی ئەمری بە مەعرووفدا چالاکی دەکەن کە ئەمەش ئەرکی هەموو خەڵکە“.

بێگومان ژنان، خوێندکاران و جەماوەری خەڵکی خەباتکار ئەم تاکتیکانەی حکوومەتی ئیسلامیش بەرەوڕووی شکست دەکەنەوە. وەها هەوڵێکی سەرشۆڕانە و تاوانکارانەی حاکمانی ڕژیم بێهوودەیە و ئاکامێکی بۆیان نییە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ئێران لەم قۆناغە تێپەڕیوە کە ڕژیم بتوانێ بە وەها پاساوگەلێکی نەزانانە ژنان بەرامبەر بە یاسای پرتووکاو و دژەژنی کۆماری ئیسلامی ناچار بە تەسلیمبوون بکات و دەسەڵاتەکەی بپارێزێت.

***

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هۆکاری توندوتیژیی سیستماتیک دژبە ژنانە

٣٦ ساڵ بەسەر کوشتنی خوشکەکانی میرابێل لە دۆمینیکن تێپەڕێت. جەنایەتێک کە خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی بەرامبەر ژنانی لەئاستی جیهاندا بردە قۆناغێکی تازەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئاڵوگۆڕێک لەم بوارەدا ڕژیمی کۆماری



ئیسلامی کارنامەیەکی یەکجار ترسناکی لە داسەپاندنی توندوتیژی سیستماتیک بەرامبەر بە ژنان لەئاستی جیهاندا تۆمار کردووە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ”کۆڕبەندی ئابووری جیهانی“ سەبارەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزی لەئاستی جیهان، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خوارترین پلەی بەرابەریی جنسیەتی پێدراوە. لە نێوان ١٤٦ وڵاتدا ئێران لە پلەی١٤٣ و ئەفغانستان لە پلەی ١٤٦دایە. بێمافی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ڕیشەی لە پەیوندی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادایە. لە ئێران ئاستی بەرینی توندوتیژی دژبە ژنان ئەساسەن لە دەسەڵاتداریەتی ڕژیمێکی سەرمایەداری مەزهەبییەوە سەرچاوە دەگرێت کە یاساکانی بەپێی حوکمەکانی دین داڕێژراون. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕەسمی دژی ژنە و بە داسەپاندنی یاسای ئیسلامی بەردەوام و بەشێوەی سیستماتیک مافی مەدەنی و ئینسانی ژنان پێشێل دەکات. بە زەوتکردنی هەموو ئازادییەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لێیان، بە توندوتیژی هەمەلایەنە بەدژی ژنان لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا لەلایەن حکوومەت و پیاوانەوە، مەشرووعیەتی بەخشیوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەی دەسەڵاتەکەی لە کلتووری پرتووکاوی پیاوسالاری لەئاستی کۆمەڵگا تەغزیە دەکات. لە یاساکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بەشێکن لە دارایی و مڵکی پیاوان. بەپێی ماددەی هەزار و ١٠٥ی یاسای مەدەنی حکوومەتی ئیسلامی

لە پەیوەندی ژن و شوودا، پیاو سەرۆکی موتڵەقی بنەماڵەیە. هەروەها بەپێی بڕیاری شۆرای نیگەهبان، ژن بەبێ ئیزنی هاوسەرەکەی ناتوانێ لە ماڵ بچێتە دەر تەنانەت ئەگەر مەراسمی ناشتنی باوکیشی بێت. لە ئەگەری سەرپێچیی ژن لە فەرمانی هاوسەرەکەی، کە زۆر جار بەهۆیەوە ژنان بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، لە ناوەندە قەزاییەکاندا بەپێی ئەم یاسایە ژنان مەحکووم دەکەن.

یاساکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی توندوتیژی دژبە ژنان لە کۆمەڵگادا پەرە پێدەدەن و ڕواڵەتی شەرعییان پێدەدەن. ڕووحانیوونی دەسەڵاتدار لە ئێران پەسندکردنی یاسا لەدژی ژنان بەپێی ئەحکامی ئیلاهی وەسف دەکەن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگای ئیسلامی بە زەرووری دەزانن. چونکە ئیدیعا دەکەن کە بە توندوتیژی دژبە ژنان دەکرێت بەر بە فەساد و بێ بەندوباری لە کۆمەڵگا بگیرێ. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتە ئامارییەکان بێ بەندوباری و فەساد لە ناو جەمیعەتی پیاواندا کە ئاخوندەکانیش بەشێک لەوانن، لەچاو جەمیعەتی ژنان یەکجار زیاترە.

بەپێی ماددەی ٦٣١ی یاسای سزادانی ئیسلامی، ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی تر لە جێدا ببینێت و بیکوژێت، قەتڵی نەکردووە و هیچ گوناهێکی نییە. ماددەی ٣٠٠ی یاسای سزادانی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت: دیەی قەتڵی ژنێکی مسوڵمان ، بە مەبەستەوە بووبێت یان بەبێ مەبەست، نیوەی دیەی پیاوی مسوڵمانە. یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە دەبێتە هۆی توندوتیژی دژی ژنان لەئاستی کۆمەڵگا، بە یاساییکردنی حیجابی ئیجباری بۆ ژنانە. بەپێی یاسای سزادانی ئیسلامی ئەو ژنانەی کە لە شوێنە گشتییەکان حیجاب لەسەر ناکەن بە٧٤ زەربە شەللاق مەحکووم دەبن. یاسای بنەڕەتی ئێرانیش مافی ژنانی لە چوارچێوەی هەر ئەم یاسا کۆنەپەرست و دژەژنەدا بەڕەسمی دەناسێت. ئەمانە تەنها چەند نموونەن لە یاسای دژی ژنی کۆماری ئیسلامی بەپێی بنەماکانی دین کە لەگەڵ کولتووری پیاوسالاری زاڵ بەسەر کۆمەڵگا، ئازارەکانی ژنانیان لەئاستی کۆمەڵگادا پەرەپێداوە. بەم وەسفەوە دەبینین کە لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی کە چەند هاوسەری، هاوسەرگیری کاتی، سیغە، جیاکردنەوەی ڕەگەزی، بێبەری کردنی ژنان لە مافی سەرپەرستی منداڵ کە سەختترین فشارە دەروونییەکان بەسەر دایکاندا دەسەپێنێت، ئەمانە و زۆر نموونەی تر، ئەو توندوتیژییانەن کە بەپێی ئایات و ڕەوایاتی ئایینی ئیسلام، بەسەر ژناندا دەسەپێن.

ئەو کچە کەم تەمەنەی کە زیاتر فکری لای بووکەڵەکەیەتی و بەشوو دەدرێ، ئەو کچە ئازارچێشتووە کە بەسەختی گیانی کوتراوی لەژێر دەست و پێی براکەی دەرباز کردووە، ئەو ژنە لاوەی کە بە واستەی ئاخوندێک لە دەوروبەری حەرەمە "موقەدەس"ەکانی قۆم و مەشهەد جەستە و غرووری هەڕاج دەکرێ، ئەو کچە لاوەی بۆ دابینکردنی ماددەی هۆشبەر بۆ کەسوکاری دەکەوێتە ناو هەمووجۆرە داوێکەوە، هەر هەموویان قوربانییانی ئەو شێوازە لە توندوتیژین کە چارەنووسیان لەلایەن یاسای ئیسلامی، سوننەت، دەوڵەت، باوک، برا و شوو و کلتووری پیاوسالارییەوە دیاری دەکرێت.

توندوتیژی بەرامبەر بە ژن سنوورێک ناناسێ و وەک دیاردەیەکی نگریسی کۆمەڵایەتی، گشت جیهانی داگرتووە و مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری تێکەڵ بە دەسەڵاتی سیاسی ئایین،



بەرینایی ستەمی ژنان هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و خسووسی ژنانی گرتووەتەوە. توندوتیژیی ژنان بە هەموو ناحەزییەکانییەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە سەرچاوەکەی بناسرێت و بەپێی تایبەتمەندییەکانی بەشێوەی ڕێکخراو و لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ خەبات لەدژی، هێزی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و مرۆڤایەتی ئازادیخواز بێنە مەیدان. هیچ کەس نابێ ئیجازە بەخۆی بدات کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بە بابەتێکی شەخسی، بنەماڵەیی، قەومی، کلتووری و مەزهەبی بزانێت و لە بەدواداچوون و سزا لە ئەماندا بێت. هەر کەس بە هەر شێوەیەک توندوتیژی بەسەر ژندا بسەپێنێ، بێ هیچ پاساوێک پێویستە سزا بدرێت.

تەنها بەهێزی خەباتی ڕێکخراو و یەکگرتووانە بە بەشداری بەرینترین جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدە و پیاوانێک کە مانەوەی ئەم ستەمە بە گوشارێکی ئازاردەر و سووکایەتی ئاشکرا بە مرۆڤایەتی خۆیان دەزانن، دەکرێ هەر لەئێستاوە بەشێوەیەکی بەرچاو فەزایەکی ئەمنتر لە ناو ماڵ و پەیوەندییەکی ئینسانیتر لە کۆمەڵگا و فەزایەکی ئەمنتر لە شوێنی کار دابین بکرێت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە پێشەنگایەتی ژنان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە ڕووسەری نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری" و بە کردەوەی سەمبولیکی وەک فڕێدان و سووتاندنی ڕووسەری لەسەر شەقامەکان و بە سەما و هەڵپەڕین بەدەوری ئاگر، جوانترین دیمەنەکانی خوڵقاند و پایەکانی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتی ئیسلامی تێکشکاند. ئەم بزووتنەوەیە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی بە یاسای سەختی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بزووتنەوەی ڕزگاری ژنی لە ناوچەکە و کۆتایی هێنان بە هەر جۆرە توندوتیژییەکی لەدژی ژنان بردنە قۆناغێکی تازەوە. بەڵام بێگومان بە ڕزگاری لە چنگی نیزامی سەرمایەداری و بە دامەزراندنی نیزامێکی سۆسیالیستی توندوتیژی لە دژی ژنان بۆ هەمیشە لەناو دەچێت. ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەنگاوێکی گرینگە لە ڕەوتی ڕزگاری لە چنگ نیزامی سەرمایەداری و ڕزگاری ژنان.

***

## بەیاننامەی شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سنفییەکانی مامۆستایان:

## بوودجەی ١٤٠٣ لە بژێوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە دابین دەکرێت

تیمی ئابووری ئیبراهیم ڕەئیسی لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٣دا داهاتی ماڵیاتیان لەژێرناوی "داهاتی پایدار" دوو هێندەی داهاتی سەرچاوەگرتوو لە هەناردنەی نەوت و گاز دیاری کردووە. دەوڵەتی سێزدەهەم داهاتی ماڵیاتی ١١٢٢ملیارد تمەن لە نەزەر گرتووە کە نزیک بە دوو هێندەی داهاتی ٦١٤ هەزار ملیارد تمەنی نەوتە و لەچاو داهاتی ماڵیاتی بوودجەی ئەمساڵ ٨/٤٩ لەسەد زیادی کردووە. هەروەها لە مەجمووعدا ٤٦ لەسەدی گشت داهاتی بوودجە لەڕێگەی ماڵیاتی ڕاستەوخۆوە دابین دەکرێت کە ئەمەش لە مێژووی دارشتنی بوودجەی ئێراندا بێوێنەیە. داهاتە ماڵیاتییەکان ڕەدیفی جۆراوجۆر لە ماڵیاتی داهاتەوە تا ماڵیاتی دارایی لەخۆ دەگرن کە بەگشتی نیشانەی ئەوەیە دەوڵەت باری دابینکردنی بوودجەی خستووتە سەر شانی خەڵک. کردەوەیەک کە ئاکامەکەی بە زیانی ئابووری و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تەواو دەبێت. ماڵیاتی حقووق وەرگرەکان لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکرێت چونکە دەوڵەت پێشنیاری داوە کە ماڵیات بەپێی کۆی داهات وەربگیرێت. هەروەها بڕی موعافیەتی ماڵیاتی لەچاو ئەمساڵ زیاد ناکرێت. بەپێی گەڵاڵەی بوودجەی ١٤٠٣ سەقف یان لانیزۆری موعافیەتی ماڵیاتی ساڵانە بەرابەرە لەگەڵ ١٢٠ ملیۆن تمەن، واتە مانگانە ١٠ ملیۆن تمەن پێشنیار کراوە کە لەچاو ئەمساڵ هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

ماڵیاتی داهات لە گەڵاڵەی بوودجەی ئەمساڵدا بەشێوەی پلیکانی چووەتە سەرێ. ڕێژەی ماڵیات بۆ کەسانێک کە داهاتی مانگانەیان ١٠ تا ١٦ ملیۆنە ١٠ لەسەد، بۆ کەسانێک کە داهاتی مانگانەیان ١٦ ملیۆن و ٨٠٠ تا ١٧ ملیۆن و ٦٠٠هەزار تمەنە ١٥ لەسەد، بۆ کەسانێک کە داهاتی مانگانەیان بەینی ٢٧ ملیۆن و٦٠٠ تا ٤٠ ملیۆن و٨٠٠ هەزار تمەنە ٢٠ لەسەد دیاری کراوە و کەسانێک کە زیاتر لە ٤٨ ملیۆن تمەن حقووقی مانگانە وەردەگرن دەبێ ٣٠ لەسەد ماڵیات بدەن.

بەپێی تێبینی ١٦ی گەڵاڵەی بوودجەی ١٤٠٣ هەم سەقفی موعافەیەتی ماڵیات و هەم نرخی ماڵیات بەپێی "مەجمووعی داهاتی کەسانی حەقیقی" دیاری دەکرێت. بە واتایەکی تر ئەگەر کەسێک لەمساڵدا لە دوو کارگە حقووقی ١٥ملیۆن تمەنی وەردەگرت، داهاتی ئەو لە هەر کارگەیەکدا تا سەقفی ١٠ ملیۆن تمەن لە ماڵیات موعاف دەکرا و بۆ ٥ ملیۆنە زیادیەکە دەبوو ١٠ لەسەد ماڵیات بدات. بەڵام لە ساڵی داهاتووەوە ئەم کەسە بۆ سەرجەم داهاتە ٣٠ ملیۆن تمەنییەکەی خۆی لەم دوو کارگەیە، تەنها تا ١٠ ملیۆن تمەن موعافە و پێویستە بۆ ٢٠ ملیۆن تمەنەکەی دیکە بەشێوەی پلیکانی ماڵیات بدات.

بەپێی گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوو، هەموو کەسانێک کە لە بەرابەر خزمەتگوزاری لە دەزگاکاندا لەژێر هەر ناوێکی وەک سەعاتی، ڕۆژمزد، قەراردادی حق‌التدریس، حق‌التحقیق، حق‌الزحمە، حق نظارت، حق‌التألیف و پاداشی شۆرای حەلی ئیختلاف، حقووق وەردەگرن، پێویستە ماڵیات بدەن. تەنها ئەندامانی هەیئەتی زانستی زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و پەروەردە و قازییەکانی دادگوستەری ئەم حوکمەیان بەرناکەوێت و ماددەی ٨٥ی یاسای ئیسلاحی ماڵیاتی ڕاستەوخۆ کە ساڵی ١٣٩٤ پەسندکراوە دەیانگرێتەوە. بەپێی ماددەی ٨٥، داهاتی ئەم کەسانە تا ١٢٠ ملیۆن تمەن لە ماڵیات موعافە و لە ١٢٠ ملیۆن تمەنەوە تا ٧٤٠ ملیۆن تمەن ١٠ لەسەدیان ماڵیات بەردەکەوێ و لە ٧٤٠ ملیۆن تمەن بۆ سەرێش دەبێ ماڵیاتی ٢٠ لەسەدی بدەن. دەوڵەت ماوەیەک پێشتریش گەڵاڵەی "ئیسلاحی یاسای ماڵیاتی ڕاستەوخۆ"ی بۆ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ناردبوو کە تێیدا زۆرێک لە موعافیەتە ماڵیاتییەکانی لابردبوو و یان کەمی کردبوونەوە. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە، کەسانی حەقیقی خاوەن مەرج پێویستە وێڕای پێشکەشکردنی ئیزهارنامە ماڵیات بەپێی مەجمووعی داهاتیان بدەن. لە بەشێکی دیکە لە داهاتە ماڵیاتییەکانی بوودجەی ساڵی داهاتوودا خاوەنانی زەوی مەسکوونی، ئیداری و تجاری کە ئەرزشیان زیاتر لە ٥٢ ملیارد تمەن بێت، پێویستە ٢.٠ لەسەد ماڵیات بدەن.

گەڵاڵەی بودجە ساڵی داهاتوو هەروەها وەزارەتی ڕێگا و شارسازیی ئەرکدار دەکات کە لە هەموو وەسیلەکانی هاتوچۆ کە لە ڕێگا سەرەکییەکاندا هاتوچۆ دەکەن، لەبری هەر کیلۆمیتر حەرەکەت و بەپێی جۆری ئۆتۆمبێل عەوارزیان لێ وەرگرن و بیخەنە حیسابی سازمانی ڕاهداری و هاتوچۆی جادەیی لەلای خەزێنەداری گشتی. بەپێی گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٣، بۆ ئۆتۆمبێلەکانی سەرووی ٣ ملیارد تمەن ماڵیاتی یەک لەسەدی لەبەرچاوگیراوە. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە موعامەلە و نەقل و ئینتقالی سەنەدی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە قەرزی ماڵیاتییان هەیە لە نووسینگەکانی تۆمارکردنی ئەسناد و بەڵگەی ڕەسمیدا قەدەغەیە و مۆڵەتی دانی ئەم ماڵیاتە "لانیزۆر" تا کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٣ڕاگەیەندراوە.

هەروەها لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوودا، داهاتی واگوزاریی دارایی سەرمایەیی، ١٦ لەسەد دێتە خوارێ. لە بەشی واگوزاری دارایی ماڵیدا داهاتی سەرچاوەگرتوو لە فرۆش و واگوزاری جۆرەکانی ئەوراقی ماڵی ١/٣٦ لەسەد زیاد دەکرێت و دەگاتە ٢٥٤ هەزار و ٦٠٠ ملیارد تمەن. بەڵام لە بەشی داهاتی سەرچاوەگرتوو لە فرۆشی سەهامی شیرکەتە دەوڵەتییەکان، ڕەقەمی پێشنیارکراو لە گەڵاڵەی بوودجە کە لە ساڵی ١٤٠٢دا ١٠٦ هەزار ملیارد تمەنە لە بوودجە ساڵی داهاتوودا بۆ ٦٠ هەزار ملیارد تمەن کەم دەکرێتەوە. هاتنەخواری ئەم داهاتانە کە هەر هەموویان لەژێرناوی "گەڵاڵەی مولدسازیی داراییەکانی دەوڵەت" لە جەریاندا بووە نیشانی دەدات ئەم گەڵاڵەیە کە بە ئامانجی بردنەسەری داهات و جوبرانی کەسری بوودجەی دەوڵەت پەسند و جێبەجێ کراوە، بەرەورووی شکست بووەتەوە.

دەوڵەت لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوودا بۆ ڕێگری لە خۆدزینەوە لە ماڵیات، ئیجازەی بە سازمانی ئوموری ماڵیاتی داوە لەڕێگەی بانکی مەرکەزییەوە دەستی بە سیستمە بانکییەکان ڕابگات. لە بەشێکی دیکە لەم گەڵاڵەیەدا پێشبینی کراوە کە لەسەر خواستی سازمانی ئوموری ماڵیاتی ئیمکانی دەستبەسەرداگرتن و هەڵگرتنی پارە لە حیسابی قەرزدارە ماڵیاتییەکان بەشێوەی سیستمی دەگونجێت. چوونەسەری جۆرەکانی داهاتی ماڵیاتی بەتایبەت ماڵیات لەسەر داهاتەکان لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوودا جێگەی سەرەنجە. ڕۆژنامەی "ئێعتماد" لە ڕاپۆرتێکدا چوونەسەری ماڵیاتەکانی لە گەڵاڵەی بوودجەدا "کەمەرشکێن" وەسف کردووە و نووسیویەتی کە دەوڵەت بۆ گەیشتن بەم ڕەقەمە یەکجار گەورەیە مێکانیزمێکی دارشتووە کە نموونەیەکی دیاریکردنی ماڵیاتی ١٠ لەسەد بۆ داهاتی مانگانە ١٠ تا ١٤ ملیۆن تمەنە. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی "ئێعتماد"دا ئاماژەی پێکراوە ئەو ماڵیاتەی بۆ داهاتەکانی ژێر هێڵی هەژاری دیاری کراوە بەشێکی سەیروسەمەرەیە لەم گەڵاڵەی بوودجەیەدا کە نیشانی دەدات دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی لە تاڵانکردنی هاووڵاتیاندا هیچ دەریغ ناکات. بە باوەڕی زۆرێک لە کارناسان، ڕێژەی هێڵی هەژاری لە تاران زیاتر لە ٣٠ ملیۆن تمەن و لە شارەکانی دیکە بەشێوەی مامناوەند ٢٠ ملیۆن تمەنە. ئەم ڕێژەیە بە مانای ئەوەیە کە ئەگەر بنەماڵەیەکی سێ تا چوار کەسی لە تاران داهاتی مانگانە کەمتر لە ٣٠ ملیۆن و لە شارەکانی دیکە داهاتی کەمتر لە ٢٠ ملیۆنی هەبێت، توانای دابینکردنی "زەروریترین" خەرجییەکانی ژیان لەوانە خۆراک و پۆشاک و پەروەردەی منداڵ و دەرمانی نابێت. لە وەها بارودۆخێکدا دەوڵەت بە بێ بایەخدان بەم ئەرقامە، بۆ داهاتەکانی ژێر ٣٠ ملیۆن تمەنیش ماڵیاتی پێشبینی کردووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی دەوڵەت ڕایگەیاندووە کە داهاتی ژێر ١٠ ملیۆن تمەن ماڵیات نایگرێتەوە بەڵام لانیکەمی حەقدەست لەمساڵدا نزیکەی ٨ و نیو ملیۆن تەمەنە و پێشبینی دەکرێت بۆ ساڵی دهاتوو بگاتە نزیک دە ملیۆن تمەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ڕێژەی لانیکەمی حەقدەست، بنەمای پێدانی حقووق بە کەم داهاتترین توێژەکان لەوانە کرێکاران و خانەنشینانە، لەئاکامدا دەوڵەت بەکردەوە هەموو ئەو توێژانەی کە لەئێران تەنانەت کەمترین داهاتیشیان هەیە ماڵیاتی بۆیان دیاریکردووە و هیچ حقووق وەرگرێکی لە دانی ماڵیات موعاف نەکردووە! بەڵام لە بەرامبەردا وەرگرتنی ماڵیات لە توێژە پڕداهاتەکان سەرکەوتوو نەبووە. گەڵاڵەکانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ وەرگرتنی ماڵیات لە توێژەکانی وەک پزیشکان، پارێزەران و سەرمایەدارانێک کە لەڕێگەی مافیای حکوومەتییەوە داهاتی نجوومییان هەیە بەردەوام بەرەورووی شکست بوونەتەوە. بەشێکی زۆر لە بۆنگا ئابوورییەکان کە لە دەستی مافیا گەورەکانی سەربە دەسەڵات، لەوانە سپای پاسداراندان لەڕێگەی ڕانتی حکوومەتییەوە بە ئاسانی لە دانی ماڵیات خۆدەدزنەوە. لە وەها بارودۆخێکدا بەکردەوە سیاسەتی ماڵیات وەرگرتن تەنها داهاتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کردووەتە ئامانج. کارناسان لەئاست ئەم شێوەیە لە دابینکردنی داهاتی ماڵیاتی بوودجە هۆشداریان داوە و لەو باوەڕەدان کە نەتەنها هەموو داهاتە ماڵیاتییەکان دەستەبەر نابن بەڵکوو بەهۆیەوە ڕکوود و هەژاریش لە ئێران پەرە دەستێنێت.

شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایانی ئێران

٦ی سەرماوەزی ١٤٠٢

***


# گەڵاڵەی دژەکرێکاریی بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی
# “بۆچی ئێمە کرێکاران دەبێ تاوانی گەندەڵی و دزیی تاڵانکەران بدەین؟”

ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی مانگی خەزەڵوەر مەجلیسی کۆنەپەرستی ئیسلامی گەڵاڵەی دژەکرێکاری "بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی" پەسندکرد و بۆ شۆرای نیگەهبانی نارد تا لەوێش پەسند بکرێت. "ئیسنا" هەواڵنێریی خوێندکاریی ڕژیم هەفتەی ڕابردوو لەسەر زاری "موحسین زەنگەنە" وتەبێژی کۆمیسیۆنی تەلفیقی لایەحەی مەجلیس، وردەکاریی ئەم گەڵاڵەیەی کە بە ڕەزایەتی دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ ئامادە کراوە، ئاشکرا کرد. بەپێی ئەم پەسەندکراوەوە سەقفی تەمەنی خانەنشینی بۆ پیاوان لە ٥٥ ساڵەوە بۆ ٦٢ ساڵ و بۆ ژنان لە ٥٠ ساڵەوە بۆ ٥٥ ساڵ زیاد دەکرێت. هەڵبەت بێجگەلە مەرجی تەمەن، مەرجی سەنەواتی کاریش بۆ پیاوان ٣٥ ساڵ و بۆ ژنان ٣٠ ساڵ دەبێت. بەو مانایەی کە پیاوان و ژنان تەنانەت ئەگەر بگەنە تەمەنی خانەنشینیش، ئەگەر پێشینەی کاریان بە تەرتیب لە ٣٥ و ٣٠ ساڵ کەمتر بێت، تەنها بە ئەندازەی ساڵەکانی کار یان ئەو ساڵانەی کە پووڵی بیمەیان داوە، حقووقەکەیان پێدەدرێ. مەعلووم نییە کەسی خانەنشینکراو دوای ئەم ماوەیە چۆن دەتوانێ خەرجی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دابین بکات. تاکتیکێکی فریوکارانەی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی لەئاست خانەنشینان ئەوەیە کە بردنەسەری حقووق و مووچەی خانەنشینانیش لە چەند ساڵی داهاتوودا بە پەسندکردنی گەڵاڵەی دیاریکردنی تەمەنی خانەنشینییەوە گرێ داوە. هەڵبەت بەڵێنی بردنەسەری حقووقی خانەنشینانیش بەلەبەرچاوگرتنی قەیرانی ئابووری و بێتوانیی ڕژیم زەمانەتێکی ئیجرایی نابێت.

هەر لەم پەیوەندەدا هەواڵنێریی "تەسنیم" ڕۆژی سێشەممە حەوتی مانگی سەرماوەز ڕایگەاند کە "سەولەت مۆرتەزەوی" وەزیری کاری ڕژیم وتوویەتی: "بردنەسەری حقووقی خانەنشینکراوان بۆ دەوڵەت جێبەجێ نابێت. چونکە داخوازی سندووقەکانی خانەنشینی ناتوانێ سەرچاوەی پێویست بۆ ئەم زیادکردنە دابین بکات و مەجلیس بەبێ ئەوەیکە سەرچاوەیەک بۆ دابینکردنی بوودجەی بردنەسەری حقووقی خانەنشینان ڕاگەیەنێ، بەڵێنی بردنەسەری حقووقی ئەوانی داوە". بەڵام ئەم مۆرەیەی ڕژیم کە باس لە بەش نەکردنی سندووقەکانی خانەنشینی دەکات، وەرووی خۆی ناهێنێ کە بە ئیعترافی وتەبێژی ئابووری دەوڵەتی ڕەئیسی، دەوڵەتەکانی هەتا ئێستا بڕی ٤٤٨ هەزار ملیارد تمەنیان لە پارەی سندووقەکانی خانەنشینی هەڵگرتووە و بەهۆی ئیختلاس و دزیی بەرپرسانەوە بەفیڕۆچووە. لەڕاستیدا ئەوە دەوڵەتە کە بە نەدانەوەی قەرزەکانی، سندووقەکانی بەرەو نابوودی بردووە. هێرشی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکارانی خانەنشین لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بەرەورووی ناڕەزایەتی سازماندراوی ڕێکخراوەکانی خانەنشینان بووەتەوە. تا جێگەیەک کە لە چەندین مانگ لەمەوبەرەوە خانەنشینان ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بەشێوەی یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی بەڕێوە دەبەن. پەسندکردنی ئەم گەڵاڵە نگریسەش هەتا ئێستا بەرەورووی وڵامی لێبڕاوانەی ڕێکخراوەکانی خانەنشینان و باقی کرێکاران و توێژە بێبەشکراو و تێکۆشەرەکانی کۆمەڵگا بووەتەوە.

بۆ نموونە کرێکاران و ئەندامانی سەندیکای شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسرانی تاران ودوروبەر لە ڕاگەیاندنێکدا کە ٧ی سەرماوەز بڵاویان کردووەتەوە بە دروشمی "چارەی کرێکاران یەکگرتوویی و ڕێکخراوی سەربەخۆ لە دەوڵەت و خاوەنکارە"، لە ناڕەزایەتی بە بردنەسەری تەمەن و پێشینەی کاری خانەنشینان، ڕایگەیاند: ئەمە یەکێک لە بەرنامە یەکجار چەوسێنەرەکانی ڕژیمە و بەمانای کۆت و زنجیرکردنی کرێکاران بەشێوازی کۆیلەداریی مۆدێرنە. دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسری سەرچاوە داراییەکانی خۆی دەیهەوێ لە خودی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەڕێگەی دزی و ئیختلاسی بەرین لەم سندووقانە، بوودجەکەی دابین بکات.

گرووپی ئیتحادی خانەنشینانیش ٢ی مانگی سەرماوەز بە



دەرکردنی ڕاگەیاندنێک لەژێرناوی "بۆچی ئێمە کرێکاران دەبێ تاوانی گەندەڵی و دزی تاڵانکەران بدەین؟"، گەڵاڵەی بردنەسەری تەمەنی خانەنشینیی بە یاسای دیلیەتی وەسف کرد و ڕایگەیاند کە مەجلیس و دەوڵەتی سەرمایەداران بۆ چەوساندنەوە و بەهرەکەشیی زیاتر ئەمەیان پەسندکردووە. بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی بە واتای چەوساندنەوەی زیاتری کرێکاران و هێنانەخواری حەقدەست تا ئاستی زیندوو مانەوەیە.

تەنانەت ئەنجومەنە سینفییەکانی کرێکارانی ساختمانی کە چوارچێوەی ئەرک و ئیختیاراتیان لەلایەن شۆرای باڵای کار و خانە کاریگەری ڕژیمەوە دیاری دەکرێت، دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز بووەتەوە. ڕۆژی سێشەممە حەوتی مانگی سەرماوەز ١٢٢ ئەنجومەنی کرێکاران و وەستاکارانی ساختمانی ئۆستانی کوردستان کە لەلایەن باقی ئەنجومەنەکانەوە پشتیوانیان لێدەکرێ لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە دژایەتی خۆیان لەگەڵ بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی ڕاگەیاند. بەیاننامەی ئەم ١٢٢ڕێکخراوە باسی ئەوەی کردووە کە نوێنەرانی مەجلیس لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە کێشەی کرێکاران و خانەنشینان، کە هەموو ڕۆژێ بۆ گەیشتن بە مافە پێشێلکراوەکانیان لەسەر شەقامەکانن، تەمەنی خانەنشینییان بردووەتە سەرێ. ئەوان دەیانهەوێ نیشان بدەن کە گۆیا قەیرانی دارایی سندووقی خانەنشینی بەهۆی لەخوارەوەبوونی تەمەنی خانەنشینیە. ئەنجومەنەکانی کرێکارن و وەستاکارانی ساختمانی لەم بەیاننامەیەدا تەئکیدیان کردووە کە : بەهۆی تەوەرۆمی بەرین، هاتنەخواری بەردەوامی توانای کڕینی کرێکاران، ئاماری لەسەرێی بێکاری، حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، قەیرانی ئابووری، پەراوێزخستن و بایەخ نەدان بە ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

هەر لە ڕۆژی سێشەممە حەوتی سەرماوەز، خانەنشینان لە زۆرێک لە شارەکان لەوانە تاران، شیراز، سنە، کرماشان، هەمەدان، ئەراک و مەمەسەنی لە ناڕەزایەتی بە جێبەجێ نەکرانی خواستەکانیان بە دروشمەکانی وەک "دەوڵەتی وەرشکستە، دوژمنی بازنشستە"، "وڵاتی پڕ داهات، چیت بەسەر هات"، "موعەلیمی زیندانی دەبێ ئازاد بکرێت" کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. ڕۆژی دووشەممە شەشی سەرماوەزیش خانەنشینانی موخابرات هاوکات لە زیاتر لە ٢٠ شاری گەورەی ئێران کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان ڕێکخست. ڕۆژی "یەکشەممەی ناڕەزایەتی" ڕێکەوتی پێنجی سەرماوەزیش خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی لە چەندین شار لە ناڕەزایەتی بە وەزعیەتی ناڵەباری مەعیشەتی و وەدینەهاتنی خواستەکانیان دەستیان دایە کۆبوونەوە و ڕێپێوان.

گەڵاڵەی بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی کە بەرهەمی هاوبەشی پیلانی دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ و مەجلیسی شۆرای کۆنەپەرست بەدژی کرێکاران و خانەنشینانە، بەرنامە و تەعەڕوزێکی بێشەرمانەی دیکەی دەسەڵاتی داماوی ئیسلامییە بۆسەر مافی ژیانی خانەنشینان. تا بەڵکوو بتوانێ لەم ڕێگەوە بەشێک لە کەسری بوودجەی دەوڵەت لە سفرەی بەتاڵی خانەنشینانەوە دابین بکات. بێگومان پەسندکردنی ئەم گەڵاڵەیە لە بارودۆخێکدا کە قەیرانی ئابووری حکوومەتی ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر و بەرینتر دەبێتەوە، پەلەقاژەی بێهوودەی ڕژیمە بۆ دەربازبوون لە ئیفلاس و وەرشکستەیی ئابووری. بەڵام دەسەڵاتی ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا دەستی داوەتە ئەم تەعەروزە کە لەگەڵ ڕەوتی روو لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاران و خانەنشینان و توێژە بێبەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەرەورووبووەتەوە. ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتی و داخوازییە، بەستێنێک بۆ گەشە و پێگەیشتنی ڕێکخراوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پێکهێنانی ڕەهبەرییە. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدایە کە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەبێت.

***

# ١٦ی سەرماوەز، ئەرک و ئاسۆی بزووتنەوەی خوێندکاری

١٦ی مانگی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار، وەبیرهێنەرەوەی هێرشی ڕژیمی دیکتاتۆری سەڵتەنەتی پەهلەوی بۆسەر زانکۆی تارانە. ٧٠ ساڵ لەمەوبەر نزیکەی چوار مانگ دوای کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢، خوێندکاران دژبە سەفەری ڕیچارد نیکسۆن جێگری ئەوکاتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ ئێران و دژبە ڕێکخەرانی کوودەتا، زانکۆی تارانیان کرد بە مەیدانی ناڕەزایەتی. هێزە تایبەتەکانی ئەرتەشی کوودەتا کە لەئاست پەرەسەندنی ناڕەزایەتی خوێندکاران نیگەران بوون لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزدا هێرشیان کردە سەر زانکۆی تاران. لە جەرەیانی ئەم هێرشەی ئەرتەشی ڕژیمی



سەڵتەنەتی پەهلەویدا سێ کەس لە خوێندکاران بە ناوەکانی مستەفا بۆزۆرگ نیا، ئەحمەد قەندچی و مێهدی شەریعەت ڕەزەوی درانە بەر گوللە و گیانیان لەدەستدا و سەدان کەس لە خوێندکاران دەستبەسەر و بریندار کران. لەو کاتەوە ١٦ی سەرماوەز بە نیشانەی هێمای خەبات دژی دیکتاتۆری لەلایەن ناوەندە خوێندکارییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕۆژی خوێندکار ناوزەد کرا. بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای هەوراز و نشێوەکانی، زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەباتی دژ بە دیکتاتۆری سەڵتەنەتی پەهلەوی و ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیدا تۆمار کردووە.

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا لە ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار نزیک دەبینەوە کە زیاتر لە یەک ساڵ بەسەر ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا تێپەڕیوە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ لە حاڵێکدا کە کوردستانی شۆڕشگێڕ گوڕوتینی ناڕەزایەتی و خەبات دژبە قەتڵی دەوڵەتی ژینا دایگرتبوو، لەئاستێکی کەم وێنەدا هاتە مەیدان و بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ئێمە هەموومان مەهساین" زانکۆیان کردە مەیدانی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لەدژی گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بزووتنەوەی خوێندکاری لەماوەی مانگەکانی ڕابردووشدا یەکێک لە ناوەندە چالاکەکانی دیفاع لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و موقاوەمەت بەرامبەر بە سیاسەتی دژەژن و هێرشی بەرنامەڕێژیکراوی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر زانکۆکان بووە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە ستوونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە، پێویستە داخوازی گەڵاڵەکراوی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بە پەیگیرترین و ڕادیکاڵترین شێوە نوێنەرایەتی بکات و پشتیوانی لێ بکات. باڵی چەپ و ڕادیکاڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەرامبەر لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکان، لە سەڵتەنەتخوازانەوە بگرە تا کۆماریخوازانی لائیک و سێکۆلار و لیبڕاڵ، کە دەیانهەوێ ئەم بزووتنەوەیە بەلاڕێدا بەرن، تەنیا بە هێنانەگۆڕی ئەم داخوازییە دیموکراتیکانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانێ ئەم ئەرکە بەسەرەنجام بگەیەنێ و لەگەڵ بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی قووڵتر بەرقەرار بکات.

لە بارودۆخی ئێستادا بەهۆی ئەوەیکە بەشێکی گەورە لە هەڵسووڕاوان و بەدەنە و پێگەی بزووتنەوەی خوێندکاری ژنانی لاو پێکی دێنن، پرسی ژنان کە ڕۆڵی پێشەنگیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا هەبووە، بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری یەکجار گرینگە. بۆیە پێویستە ڕەوتی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری بەشێک لە هێزی خۆی بە شێوەیەکی تایبەتمەند و سیستماتیک بۆ پرسەکانی بزووتنەوەی ژنان تەرخان بکات و یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ژناندا. بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی خوێندکاران، خوێندکارانی کچ دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە هێنانە مەیدانی ژنانی کرێکار لە ناوچە هەژارنشینەکان و پەراوێزی شارەکان. هاتنە مەیدانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاستی جەماوەریدا یەکێکە لە ڕێگاکانی بەردەوامبوون و جەماوەریکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا.

بەو پێیەی هەڵسوڕاوان و هەموو بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە خوێندکارانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان پێکهاتوون، هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە تەفرەقەیەک لە ڕیزەکانی خوێندکاران لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی، یەکێک لە ئەرکەکانی بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکارانە. بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا هەر دووبەرەکییەک لە بزووتنەوەی خوێندکاراندا لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی، زیانێکی بەرین بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە دەگەیەنێت. لەم پێوەندییەدا ڕەخنەگرتن لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی و شۆڤێنیزم و ناسیۆنالیزم لە نێو نەتەوە ستەملێکراوەکاندا یەکجار گرنگە و پێویستە بەشێوەی بەردەوام و پەیگیر ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی بانگەشە و تەبلیغ بکرێت.

بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی پێکهاتەیەک کە هەیەتی بەشێوەی سرووشتی توانای ئەوەی هەیە ببێتە هۆی یەکگرتوویی بەهێزی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لاوان دژبە گوشاری بێسنووری ئابووری، دژبە بێ مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، دژبە بەربەستی کلتووری و سیاسی. واتە ئەوانەی وا شەقامیان کردووتە گۆڕەپانی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئیسلامی. لەم ڕاستایەدا پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ کە ڕێکخەر و ڕێبەری ناڕەزایەتییەکانن لە گەڕەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران، پەیوەندیی چالاکیان هەبێت. پێکهێنانی ئەم پەیوەندییە زیندوویانە و هاوئاهەنگ کردنی ناڕەزایەتییەکان، لە پێداویستییەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و لە پێداویستییەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامییە.

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار، ڕۆژی خەبات بەرامبەر بە دیکتاتۆری، سەڵتەنەتی و ئیسلامی!

فەزای سیاسی زانکۆکان بەردەوام دژبە ڕژیمە دیکتاتۆرەکانی پاشایەتی و ئیسلامی بووە. بەم ئیعتبارە، چوونی لاوان بۆ زانکۆ دەستپێکی وشیاری و خەباتی ئەوان لەدژی ڕژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێرانە. ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار، ساڵڕۆژی هێرشی ڕژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی بۆسەر زانکۆی تارانە. نزیکەی چوار مانگ دوای کوودەتای ئینگلیسی - ئەمریکایی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی خوێندکاران بەدژی سەفەری ڕیچارد نیکسۆن جێگری ئەوکاتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا ناڕەزایەتییان دەربڕی. ئەرتەشی کوودەتاچیان لە ١٦ی سەرماوەزدا هێرشیان کردە سەر کلاسەکان و سەدان خوێندکاریان دەستگیر و بریندار کرد و لە زانکۆی فەنی سێ خوێندکار بە ناوەکانی (مستەفا بۆزۆرگ نیا و ئەحمەد قەندچی و مێهدی شەریعەت ڕەزەوی)یان کوشت. سبەینێی ئەم

ڕۆژە، ١٧ی سەرماوەز، لە قەتڵگای خوێندکاران دوکتورای ئیفتخاری حقووقیان بە نیکسۆن دا. لە هەموو دەورانی پەهلەویدا بزووتنەوەی خوێندکاری ناوەندێکی گرینگی خەبات لەدژی دیکتاتۆری بوو و سۆسیالیستەکان تێیدا دەورونەخشێکی سەرەکییان بینی.

خەباتی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی خوێندکاری بەرامبەر بە دیکتاتۆری لە نیزامی ئیسلامیشدا بەردەوام درێژەی بوو. ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو دژایەتی بەرینی خوێندکارانی بۆ تەحەمول نەدەکرا و لە مانگی گوڵانی ١٣٥٩دا لەژێرناوی "ئینقلابی فەرهەنگی" هێرشی کردە سەر گشت زانکۆکانی ئێران و سەدان خوێندکاری کوشت و بریندار کرد و بۆ چەند ساڵ زانکۆکانی داخست. لەماوەی "ئینقلابی فەرهەنگی"دا هەزاران مامۆستا و خوێندکار کە خۆش شانس بوون تەنیا دەرکران و ژمارەیەکی زۆریشیان دەستگیر و ئەشکەنجە کران و کوژران.

چەند دەیە دواتر سەرەڕای هەموو ئەو هەوراز و نشێوەکانی کە بزووتنەوەی خوێندکاری تێپەڕاند، خوێندکاران کۆتایی سەردەمی "هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر"یان ڕاگەیاند. دروشمی "ئیسلاح تەڵەب ئۆسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" لە زانکۆی تاران لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦، دەستپێکی قۆناغی نوێ، قۆناغی گشتی بوونەوەی خەبات دژبە هەموو دەسەڵاتی ئیسلامی بوو. لەگەڵ گەشەی مانگرتنە کرێکاریەکان لە ساڵی ١٣٩٧و بەتایبەت لە حەوت تەپە، خوێندکاران بە دروشمی "ڕۆڵەی کرێکارانین، هەردەم پشتیوانیانین" لە بزووتنەوەی خوێندکاری پشتیوانیان کرد و حزوور و گەشەی دووبارەی ئاراستەی چەپ و سۆسیالیستیان لە زانکۆکان سەلماند. پەرەسەندنی پێکهاتنی شورا سینفییەکانی خوێندکاران کە سەهمێکی گرینگیان لە خەباتی نیوەی دووهەمی دەیەی نەوەدی بزووتنەوەی خوێندکاریدا هەبوو، بەرهەمی هەر ئەم قۆناغەی زاڵبوونی وتاری شۆڕشگێڕانە بەدژی گشت ڕژیم بوو.

دەستپێکی کاری زانکۆکان لە ڕەزبەری ١٤٠١ و دوای ئاموزشی غەیری حزووری لە سەردەمی کۆرۆنا هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکی ناڕەزایەتی و قەتڵی حکومەتی مەهسا (ژینا ئەمینی). ئیعترازاتی خوێندکاری لە ناڕەزایەتی دژبە قەتڵی حکومەتی ژینا، ڕژیمی ئیسلامی تاساند. بۆ یەکەم جار خوێندکارانی سەدان زانکۆ بە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" پەیوەست بوون و دژبە هەڵاواردنی ڕەگەزی وپشتیوانی لەڕاپەڕین. ڕووسەرییەکانیان لەسەریان کردەوە و غەزاخوریی جیاوازی کچان و کوڕانیان تێکدا. ڕژیمی ئیسلامی لە چوارچێوەی سەرکوتی حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١دا هەزاران مامۆستا و خوێندکاری دەرکرد کە لەدوای مانگی گوڵانی ١٣٥٩ەوە گەورەترین هێرش بۆسەر زانکۆکانە.

لەگەڵ پەرەسەندنی حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک دژبە ڕژیمی ئیسلامی ئیتر چوون بۆ زانکۆ بۆ خوێندکاران دەستپێکی وشیاربوونەوە و خەبات نییە. بەڵکوو درێژەدان و پەرەپێدان بە خەباتێکە کە لە دەرەوەی زانکۆکان و لە سەرانسەری ئێران لەئارادایە. نیزامی سەڵتەنەتی پایگایەکی لەناو زانکۆکاندا نەبوو و ڕژیمی ئیسلامیش نیەتی. بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران بەردەوام لە ستوونە سەرەکییەکانی خەبات دژبە دیکتاتۆری بووە و دەشبێت. ١٦ی سەرماوەز لە هەمان کاتدا کە وەبیرهێنەرەوەی جەنایەتی ڕژیمی سەڵتەنەتییە دژبە بزووتنەوەی خوێندکاری، نوێکردنەوەی پەیمان بۆ درێژەدانی خەبات




بەرامبەر دیکتاتۆریی ئیسلامییە بە یەکگرتوویی لەگەڵ خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم نیزامە.

بژی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار

برووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

١٠ی سەرماوەزی ١٤٠٢ – یەکی دێسامبری٢٠٢٣

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

# شێعر

دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
مێژوو ئەڵێ لە دایک بووین
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
زرپ و زیندووین
بەڵام هێشتا، باوێشک ئەدەین
هێشتا نووستووین
هێشتا تەواو تێرخەو نەبووین
هێشتا ئەنووین
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە
لە خەڵک بوردووین
لە خۆمان هەرگیز نەبوردووین
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە
وەک ئیستە واین
یەک نەگرتووین
لەو کاتەوە چەک هەڵگرتووین
بەڵام هێشتا سەرنەکەوتووین
کەچی ئەڵێین: هەر سەرکەوتووین
ئەڵێن ئێمە هەر نەمردووین
**********
هەر لێرەوە تا وڵاتی
بەرینی چین
بە نۆکەری گەڕاین ڕۆشتین
بە ئاواتی
سەرکەوتنی
بێگانە گەلێ گەیشتین
لە خوێنی خۆمان بۆ ڕشتن
لە ڕۆڵەی خۆمان بۆ کوشتن
تا توانیمان قسەی زۆری
مەراییمان بۆ هەڵبەستن
سەمامان کرد، بۆمان ڕستن

وتیان ئادەی دنیا بگرن
ئەوە پارە!
وتمان: باشە
وتیان بمرن، ئەوە پارە
وتمان: باشە
وتیان مالی یەکتر ببرن
لە ناو یەکا، یەک سەر ببڕن
ورگی یەکتری هەڵدڕن
ئەوە پارە!
وتمان : باشە
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
پێمان ئەڵێن:
بەرد بن، دار بن
ئەڵقە لە گوێ و خزمەتکار بن
مەڕبن، مار بن
ئادەی ئینجا شێت بن، هار بن
ئەڵێین: باشە
بتی دارو بەردمان پەرست
تاجی هەزار، شای بێگانەی
خوێنە خوێمان
دانا و پەرست
چەند پێڵاوی دوژمنانی
تازە و کۆنمان
جووت کرد، پەرست
ئەممان پەرست، ئەومان پەرست
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
تەنها هەر خۆمان نەپەرست
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
دێین و دەڕۆین
وەک شێت ئەخۆین
سەرمان قاڵە
چەند ئەدەین، هەڵئەپەڕین

سەرچۆپی نۆکەریی ئەگرین
کەچی دەستی کردەوەمان
هەر بەتاڵە
گفتمان لاڵە
**********
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە
مەشکەی دوژمنمان ئەژەنین
چونکە شلقەی زل و خۆشە
بە هی خۆشمان پێئەکەنین
*********
ئەوەی گیانی ڕسوا ئەکرد
ڕۆیی زوو مرد
ئەوەی کڕنۆشی نامەردی
ئەبرد، زوو مرد
وەکوو ئێستا
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
ئەوەی پیاو بوو لە ناومان برد
*******
بۆ شاردنەوەی ئەنگی خۆمان
دەلاقەی گەورەی، درۆمان
بۆ ئەوەی خۆمان تەفرە دەین
وەک لەوەبەر هیچمان نەکرد
هەر هیچ نەکەین
هاتین گەڕاین
کەوتینە دووی گزی و فزی
لە قوژبنی مێژووی کۆندا
خۆێندەوارمان کەوتنە دزی
دزی کردن لە شانازی
کەسانێتر، مایەو مووری گەلانێتر.
هەموو دنیایان کرد بە کورد
پێغەمبەرانیان کرد بە کورد
هەتا ئادەمو حەواشیان

هەر کرد بە کورد
نەیان پرسی:
ئەی بۆچی کورد
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
بۆ خۆی، هیچی بە هیچ نەکرد!

شێرکۆبێکە س

***

**پێشـــــــڕەو**
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧